# گـروپە چەكـدارەكانــی عێراق




كاری توندو تیژی لە عێراقدا دەستی پێكرد ، پاش چەند رۆژێكی كەم لە ڕامالێنی دەسەلاتی صدام حسین . كە لە ( 9 ی نیسانی2003 ) دا بوو . ئەم كردەوانە بە تێپەڕبوونی كات بەرەو هەلكشان چوو . وە گروپی چەكداری ئەنجامدەری كردەوەی توند و تیژی دەركەوتن ، وە بەمە كردەوەی ئاژاوە و كردەوەی توندو تیژی سەركوت و تاوان و كوشتنی تیرەگەری لە سەرا پای وولاتدا ڕویدا . بە شێوەیەكی ورد ژمارەی گروپە چەكدارەكانی ناو عێراق نازانرێت ، كە زۆربەیان یان ناوی خەیالێیان هەیە یان لە ماوەیەكدا دەردەكەون بە هەمان ئاسانی دیارنامێنن كە پێی دەركەوتن ، بەلام ئەو گروپانەی ماونەتەوە وە بەردەوامن لە چالاكیە مەیدانیەكاندا . وە كردەوەی چەكداری ئەنجام ئەدەن هەرماوە ناماوەیەك ، وە توانیویانە لاشەو گوتاری سیاسی خۆیان گەشە پێبدەن . ژمارەیان دیاری كراوە . لەم فایلەدا هەولئەدەین ، گرنگترین گروپە چەكدارەكانی عێراق نیشانبدەین ، جا بەژداری كردەوەكانی توند و تیژی كردبێت یان نەء . كە دەتوانین ڕیز بەندیان بكەین بە حەوت بەشەوە .

## 1- گروپە كوردیەكان

ئەم بەشە دوو گروپی كوردی چەكدار لە خۆدەگرێت ، یەكەم گروپێكی سونی توندڕەوە كە پشتیوانانی ئیسلامە ( انصار الاسلام ) ، وە دووەم هێزی پێشمەرگە ( قوات بشمركە ) ، كەسەر بە هەردوو حیزبە كوردیە سەرەكیەكەن ، كە بەژداری لە كردەوەی یاخی بوونیان لە عێراقدا كردوە . ئەم هێزە ڕاسپێردراوە بە پاراستنی ئاسایش لە هەرێمدا . لە هەمان كاتدا تۆمەتبار دەكرێن بە ئەنجامدانی كردەوەی چەكداری لە دژی عەرەب و توركمان لە كەركوكدا ، بە ئامانجی گەڕانەوەی بۆ هەرێم .

1-1 پشتیوانانی ئیسلام انصار الاسلام

2-1 هێزی پێشمەرگە قوات بشمركە

## 2 - گروپە شیعەكان

ئەم بەشە ملیشیاكانی شیعە لە خۆ دەگرێت ، جا بەژداری كردبێت لە كردەوە چەكداریەكاندا یان بەژداری نەكردبێت .

1-2 سوپای مەهدی جیش مهدی

2-2 ڕێخراوی بەدر منظمة بدر

**3-2 حیزبی دەعوە حزب الدعوة**

## 3 گرووپە نا عێراقیەكانی لە دەرەوە كاردەكەن

**ئەم بەشە گرووپە چەكدارە ناعێراقیەكان لە خۆدەگرێت ، كە لە عێراقدا بونیان هەیە و چالاكی چـەكداری لـە وولاتەكـەی خۆیاندا ئە نجام ئەدەن .**

**1-3 رێخراوی جەنگاوەرانی خەڵك ( ئێران )** منظمة مجاهدی خلق ( ایران )

**2-3 پارتی كرێكارانی كوردستان ( توركیا ) حزب العمال الكردستانی ( تركیا )**

## 4 گرووپەكانی سەر بە كەمینەی توركمان

**ئەم بەشە گرووپە چەكدارەكانی سەربە كەمینەی توركمان لە عێراقدا لە خۆدەگرێت ، كە زۆرینەی چالاكیەكانی دامەزرانـدوە لە دژی هێزی پێشمەرگەی كوردستان .**

**1-4 ملیشیاكانی سەر بە بەرەی توركمان** الملیشیات التابعة للجبهة التركمانیة

## -5 گرووپە توندڕەوەكان

**ئەم بەشە گرنگترین گرووپەكانی كە سۆزدارن بۆ ئەوەی پێی دەوترێت بیری ڕادیكـاڵی جـەنگاوەری ( سـلفی الجهـادی ) ، كـە لێپرسراوان لە حكومەتی عێراقی پێیان دەڵێن گرووپە تیرۆرستە بە گومڕادانەرەكان ( تكفیری ) .**

**-5 1 رێخراوی ئەلقاعیدە لە نیشتیمانی دووروبار** تنظیم القاعیدة فی بلاد الرافدین

**-5 2 ئە نجومەنی ڕاوێژی جەنگاوەران لە عێراق مجلس شوری المجاهدین فی العراق**

**-5 3 سوپای پشتیوانانی سونە** جیش انصار السنة

**4-5 كەتیبەكانی ئەبو حەفسەی میسری كتائب ابو حفص المصری**

## -6 لایەنەكانی بەرگری نیشتیمانی

**ئەم بەشە لایەنە سەرەكیەكانی بەرگری نیشتیمانی لە خۆدەگرێت كـە كۆبونەتـەوە لـە نێـوان مەرجەعیـە ئیـسلامیەكان و هاوسۆزی نیشتیمانیدا چالاكیە چەكداریەكانی بەشێوەیەكی سەرەكی چەقبەستوە لە دژی هێزەكانی فرەڕەگەز لە عێراقـدا .**

**6 - 1 سوپای ئیسلامی لە عێراق الجیش الاسلامی فی العراق**

**6 – 2 كەتیبەكانی شۆڕشی بیست** كتائب ثورة العشرین

**6 – 3 بەرەی ئیسلامی بۆ بەرگری عێراقی** الجبهة الاسلامیة للمقاومة العراقیة

**6 – 4 سوپای هۆشیاران جیش الراشدین**

**6 – 5 سوپای جەنگاوەران جیش المجاهدین**

**6 -6 چەتەكانی عێراقی جەنگاوەری عصائب العراق الجهادیه**

**6 – 7 گرووپی ڕادیكاڵی جەنگاوەری الجماعه السلفیه المجاهده**

## 7 – گرووپە بەعسی و تیرەگەریەكان

**ئەم بەشە ملیشیاكانی كە هاوسۆزن بۆ بیری حزبی بەعس ( كەئێستا یاساغە ) یان بیری نەتـەوەیی یـان ئەوانـەی بـەزۆری هاوسۆزن بۆ تیرەگەری ، لە خۆدەگرێت .**

**7 – 1 سوپای موحومەد جیش محمد**

7 – 2 **شۆڕشگێڕانی ئەنبار** ثوار الانبار

7 - 3 **بەرەی نیشتیمانی بۆ ڕزگاری عێراق** الجبهة الوطنية لتحرير العراق

7 – 4 **ڕابەرایەتی گشتی جەنگاوەرانی هێزی چەکدار** القيادة العامة لمجاهدى القوات المسلحة



## 1- پشتیوانانی ئیسلام

**مەلا کرێکار**

**پێناسە و پەیدابوون**

**گرووپێکی کوردیە لە 10 ی کانونی یەکەمی 2001 دا دامەزراوە . لە ئاکامی پێکەوە لکانی هەردوو بزوتنەوەی سەربازانی ئیسلام ( جوند الاسلام ) و چاکسازی ( اصلاح ) ی کوردیەوە ، وە بنیات نراوە لەسەر بیری ڕادیکاڵی جەنگاوەری . وە زۆرترین ئەندامانی لە کوردە سونە توند ڕەوەکان پێکهاتوە . لە گەڵیاندا ژمارەیەکی گەورە عەرەبی ئەفغانیش .**

**ئاما نجە سیاسیەکان**

**ئەم گروپە تێکۆشاوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا .**

**هەڵوێست و سیاسەتەکان**

**دژایەتی کردنی سیاسەتی ئەمریکی لە کوردستاندا ، وە دژی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوو حیزبە کوردیە سەرەکیەکە و واشنتنیش .**

**سەرکردە**

**دامەزرێنەرەکەی ( نجم الدين فرج )ە کە ناسراوە بە مەلا کرێکار ، میرنشینەکەی بۆ گروپەکە بەجێهێشت لە ئایاری 2002 دا ، کە ئێستا لە نەرویژ نیشتەجێیە . بەڵام سەرکردەی گروپەکە ئێستا وریا هەولێریە کە کوردە ، وە ناسراوە بە ئەبو عبداللەی شافعی ، کە لە ئەفغانستان بەژداری جەنگی کردووە . وە لە سەرکردە مەیدانیەکانیان ڕائد خریسات ، کە بە ئەبو عبدالرحمن شامی ناسراوە ، ئەردەنیە . کە پەیوەندی بە ئەبو مصعب الزرقاوییەوە هەبوو . لە ڕوبەڕو بونەوەی لەگەڵ هێزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 2001 دا شامی کوژرا .**

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

**ئەم گروپە چەقبەستون لە ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا ، بە تایبەت لەدەوری هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی بە درێژایی سنوری لەگەڵ ئێران ، وە ئەم گروپە چوونە ململانەی چەکداریەوە لەگەڵ حزبی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ، کە جلال تاڵەبانی ڕابەرایەتی دەکات ، لە کانونی یەکەمی 2002 دا .**

**چالاکیە چەکداریەکان**

**چالاکیەکانی ئەم گروپە لە باکوری وولات بە شێوەیەکی سەرەکی چڕبۆتەوە ، وە بڕوا دەکرێت کە ئەم گروپە ئابلۆقە درابــن تاڕادەیك . لەو کاتەوەی کە توشی لێدانێکی توند بوون لە سەر دەستی هێزی ئـەمریکی و هێــزی پێــشمەرگەی کــوردی . کــە هێزی ئەمریکی بە موشەك لە بارەگاکانی گروپەکەیدا . کاتی بەرپابوونی جــەنگ لــە ئــازاری 2003 دا . کــە بــووە هــۆی کوژرانی 176 کەس لە ڕیزەکانیاندا ، لە نێویاندا جەنگاوەرانی عەرەبی تیابوو . کە پاشان ڕایان کــرد بــۆ خــاکی ئێرانــی دراوسێ لە شاخەکانەوە .**

**باری یاسای**

**گروپەکە ڕیزبەند کراوە وەك ڕێخراوێکی تیرۆرست لە ڕا پۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا ساڵی 2005 .**



**-2 هێزی پێشمەرگە**

**جلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی**

**پێناسە و پەیدابوون**

**پێشمەرگە لە زمانی کوردی واتا گیان بەختکەر ، هێزێکی کوردیە لە شەستەکانی ســەدەی ڕابــردووەوە دامــەزراوە . وە ســەربە هەردوو حیزبە کوردیە سەرەکیەکەیە ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، بە ڕابەرایەتی جلال تاڵەبانی ، و پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە ڕابەرایەتی مسعود بارزانی . بە پێی سەرچاوە کوردیــە فەرمیــەکان ، ژمــارەی ئــەم هێــزە دەگاتــە 90000 ئەندام . کە هێزێکی ڕێخراو و ڕاهێنرا و بە شێوەیەکی باش پێکدەهێنن ، وە ژمارەیەکی زۆر ئەنــدامانی پێــشمەرگە پابەنــد بوون بە پێکهاتەی سوپای عێراقی و هێزی ئاسایشەوە کە پاش ساڵی 2003 پێکهــات . وە ســەرکردە کوردەکــان پێــداگری دەکەن کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی ڕێخراوە و ملیشیا نیە .**

**ئامانجە سیاسیەکان**

**ئامانجی پێشمەرگە لەگەڵ ئامانجی سیاسی هەردوو حیزبە کوردیە سەرەکیەکە کە سەر بەوانن هاودەنگە .**

**سەرکردە**

**سەرەڕا ئەوەی پێشمەرگە بە فەرمی سەربە وەزارەتی تایبەتە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ، کە پێی دەوترێت وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ، کە عومەر عوسمان ئیبراهیم سەرکردایەتی دەکات . وە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە ، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هێزەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەکانی هەردوو حیزب .**

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

**لە هەرێمی کوردستاندا بونیان چڕبۆتەوە ، وەك لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك .**

**پشتگیری و دارایی**

پارمەتی و دارایی ئەم هێزە ڕاستەوخۆ لە هەردوو هێــزە كوردیــە ســەرەكیەكەوە دێــت ، هــەروەك ولایەتــە یــەكگرتوەكانی ئەمریكا یارمەتی ئەم هێزەیداوە وە مەشق و چەكی بۆ فەراهەم كردوون .

**چالاكیە چەكداریەكان**

ئەم هێزە هەستاوە بە پەلاماردانی دەسەڵاتی عێراقی پێشوو ، وە پاڵپشتی ڕا پــەڕین بــوو كــە ســاڵی 1991 بــەرپا بــوو . هەروەك بەژداربوو لەگەڵ هێزی ئەمریكی لە چالاكیە سەربازیەكانیدا لە ماوەی جەنگی ساڵی 2003 دا ، كە یارمەتی هێزی ئەمریكیدا . پێشمەرگە كاردەكات وەك هێزێكی ڕێخراو بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان و بەرگری لێكردنی .



3- **سوپای مەهدی**

**مقتدی ئەلصدر**

**پێناسە و پەیدابوون**

گروپێكی چەكداری سەربە سەركردەی شیعی لاو مقتدی ئەلصدرە ، كە كوڕی كۆچكردوو محمد صادق الصدرە . كــە خــۆی و دوو كوڕەكەی دەسەڵاتی پێشووی عێراقی كوشتنی لە ساڵی 1999 دا ، لــە تــەمووزی 2003 دا دامــەزراوە . مەزەنــدە دەكرێــت ژمارەی ئەندامانی لە نێوان 6000 بۆ 10000 پیاو بێت . وە زۆرینەی ئەندامانی لە لاوانی گەڕەكی هەژاری ( صــدر ) ە لــە بەغداد . وە شارە شیعیەكانی تری باشور . سەرەڕای ناوەكــەی . بــەلام ســوپایەكی ڕاســتەقینەنیە . بــەلام پێكهــاتوە لــە ژمارەیەكی ناڕێخراو لە خۆبەخشانی چەكدار و مەشق نەكردوو بە شێوەیەكی باش . مقتدی الصدر ناوهێنانی سوپای مەهدی بە ملیشیا ڕەتكردەوە . وە وایدانا سوپایەكی بیروباوەڕی جەماوەریە . هەرچەندە ئەنــدامانی موچــەیان پێنادرێــت و مەشــق ناكەن ، وەك ملیشیاكانی تر . بە پێی قسەی ئەو .

**سەركردە**

دامەزرێنەری سوپا و ڕێبەرەكەی مقتدی الصدرە ، وە وادادەنرێت كە تاكەكانی سوپا پابەندیەكی ڕەهایان بــۆ ڕێبەرەكــەیان هەیە.

**ئاما نجەكان**

چوونە دەرەوە ی هێزی بیانی لە عێراق لە ڕێگەی بەرگریەكی ئاشتیانەوە ، وە دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیــسلامی هاوشــێوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێراندا .

**هەڵوێست و سیاسەتەكان**

لە ماوەی پاش كەوتنی دەسەڵاتی پێشوودا ، مقتدی الصدر هەڵوێستێكی ڕەتكەرەوانەی بوونی ئەمریكی لە عێراقــداوەرگرت . هەروەك دژی كاری سیاسیش بووە . وە پێی وابوە ئەو هەڵبژاردنەی كە لەژێر سایەی داگیركەردا كرا ناشەرعیە . وە دەستوری

**هەمیشەیی ڕەتکردەوە ، پاشتر دژایەتی کردنی لە دژی هێزەکانی فرەرەگەز وەستاند . وە هەڵوێستی تونـدی بەرهەڵـستکاری کەمتر کردەوە . وە پابەندی کاری سیاسی بوو . ڕەوتەکەی بەژداری هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نوێنەرانی کرد لـە ژێـر چـەتری لیستی هاوپە یمانی عێراقی یەکگرتودا ، و 30 کورسیان لە ئە نجومەنەکەدا بەدەست هێنا . کوتلـەی پەرلـەمانی ڕەوتـی صدر لە لایەن سلام مالکی یەوە سەرۆکایەتی دەکرێت . کە پۆستی وەزیـری گواسـتنەوەی لـە حکومـەتی ابـراهم الجعفریـدا بەڕێوە دەبرد .**

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

**هێزی ئەم میلیشیایە لە شاری صدر لە بەغداد چڕبۆتەوە ، لەگەڵ ناوچەکانی تری باشوری عێراق بۆ نمونە نەجەف و کوفە و کەربەلا و بەصرە . وە بەم دواییانە هێزیان لە شاری کەرکوك زیادی کرد .**

**پشتگیری و دارای**

**گومان دەکرێت کە سوپای مەهدی و ڕەوتی صدر بەگشتی یارمەتی دارای ڕێکوپێکیان لە ئێرانەوە پێبگات .**

**چالاکیە چەکداریەکان**

**لە نیسانی 2004 دا ئەم میلیشیایە لەگەڵ هێزی ئەمریکی ڕوبەڕو بوونەوە ، پاش کـوژرانی خۆپیـشاندەران لەلایـەنگرانی مقتدی الصدر کە نارەزایەتیان دەربڕی لەسەر داخـستنی ڕۆژنامـەی ( الحوزة الناطقة ) ، وە دەسـگیر کردنـی یـەکێك لـە یاریدەدەرەکانی صدر ، ڕوبەڕو بونەوەکە لە هەردوو شاری بەغـداد و نەجـەف چـڕببووەوە . سـەرەڕا ئـەم ڕوبـەڕو بونەوەیـە بەژداری کرد لە جەنگی فەلوجەی یەکەمدا . کەلەهەمان مانگدا بەرپابوو . وە پەیوەندیەکی باشی لێدروست بوو لـە نێـوان چەکدارە سونەکان و ملیشیای صدردا . کە زۆری نەخایاند . لە مانگی ئابی 2004 دا دووبارە ڕوبەڕوبوونەوە لە نێوان سوپای مەهدی و هێزی ئەمریکی و عێراقیدا ڕویدایەوە لە نەجەف و کەربەلا ، کۆتای هات بە جێبەجێکردنی ئـەو ڕێکەوتنـەی کـە سید علی ئەلسیستانی چاودێری دەکرد . کە پێکهاتبوو لە چونەدەرەوەی سەرجەم چەکدارەکان لە هەردوو شارە پیرۆزەکـە . وە سوپای مەهدی دووبارە لەگـەڵ هێـزی ئـەمریکی و پاسـەوانی نیـشتیمانی عێـراق لـە تـشرینی یەکـەمی 2005 دا پێکـا هەڵپژانەوە ، وە لێرەو لەوێ چەند پێکا هەڵپژان لە نێوان سوپای مەهدی و هێزی ئەمریکیدا ڕویداوە ، لە شـاری صـدر ، وە هەروەها لەگەڵ هێزی بەریتانی لە باشوری عێراق ، لەوانە ئەوەی عەمارە کەلە 11 ی حوزەیرانی 2006 دا ڕویدا .**



**هادی ئەلعامری**

## -4 ڕێخراوی بەدر

**پێناسە و پەیدابوون**

ڕێخراوی سەربازی ئە نجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیە لە عێراق ، بنیات نراوە لــە ســاڵی 1983 دا لــە ژێرنــاوی لەشــكری بەدردا بۆ دژایەتی كردنی دەسەڵاتی پێشوو لە عێراقدا . كە لەشكرێك بوو چڕبوبووەوە لــە ئێــران ، ژمــارەی ئەندامــەكانی دەگاتە 10 بۆ 15 هەزار ئەندام ، پاش كەوتنی دەسەڵاتی صدام حسین . ئەندامانی گەڕانەوە بۆ عێراق وە بە ڕێخراوی بەدر ناسران . ئەندامانی ڕێخراوی بەدر پەیوەندیان كرد بە ڕێخستنەكانی سـوپا و هێـزی وەزارەتــی نــاوخۆی عێراقــەوە ، وەك مغاویری پۆلیس و لیوای گورگ . وە لێپرسراوە لە دەستگیر كردنی ئەندامانی كۆمەڵە چەكدارەكان .

ئامانج و هەڵوێستەكان

ئاما نجەكانی ئەم ڕێخراوە و هەڵوێستەكانی هاودەنگە لەگەڵ ئاما نجەكانی لاشە سیاسیەكەی لە ئە نجومەنی بـاڵای شۆڕشــی ئیسلامی لە عێراقدا .

سەركردە

سكرتێری گشتی ڕێخراوەكە ( هادی ئەلعامری )ە ، كە یەكێكە لە پیاوە دینیەكانی شیعە . وە عامری زیاتر لە دوو دەیەی لــە دوورە وولاتیدا بەسەر بردووە لە ئێــران ، پــاش كــەوتنی دەســەڵاتی پێــشوو گەڕایــەوە بــۆ عێــراق ، وە ئێــستا ئەنــدامی ئە نجومەنی نوێنەرانی عێراقە .

بڵاوبونەوەی جوگرافی

ڕێخراوەكە بڵاوبونەتەوە لەو شوێنـانەی كە زۆرینەی شیعەن لە ناوەڕاست و باشوری عێراق .

پشتگیری و دارای

كاتێك ئەندامانی ڕێخراوەكە لە ئێران بوون ، یارمەتی دارای و مەعنەویان لە ئێرانــەوە پێدەگەیــشت . هــەروەك مەشــقیان لەسەر دەستی كادری شۆڕشی ئێرانی پێدەكرا .

چالاكیە چەكداریەكان

پاش كەوتنی دەسەڵاتی پێشوو ڕێخراوەكە چونە نــاو كــاری سیاســیەوە ، وە بــەژداری هەڵبــژاردنیان كــرد لــە چوارچــێوەی ئە نجومەنی بـاڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا . كە بوون بە یەكێك لــە جەمــسەرەكانی دەســەڵات لــە عێراقــی ئــەمڕۆدا . ڕێخراوی بەدر هەڵنەساون بە هیچ كردەوەیەكی ســەربازی لــە دژی هێــزی هاو پــە یمانان ، وە گرو پــە ســونیەكانیان تــاوان باردەكەن ، وەك حیزبی ئیسلامی عێراق و دەستەی زانایانی موسوڵمانان ، وە ڕێخــراوی بــەدر بــە پێكهێنــانی ئــەوەی پێــی دەوترێت گرو پەكانی مەرگ لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا تاوانبارە ، كە لێپرسراوە لــە فڕانــدنی ســونەو ئەشــكە نجەدان و كوشتنیان ، وە تێوەگلاوە لە كردەوەی ئەشكە نجەدانی زیاتر لە 170 گیراوی عێراقی لە گرتوخانەی قبو ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە تشرینی دووەمی 2005 دا . لەگەڵ ئەوەی ڕێخراوەكە نكوڵی لەو تاوانـانە كــرد . هــەروەك عبــدالعزیز الحكیم ، سەركردەی ئە نجومەنی بـاڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا ، داوای كرد لە 8 ی حوزەیرانی 2005 دا كە ڕێخــراوی بەدر دەورێكی فراوانتر بگێڕێت لــە ڕووی ئـاسایــشەوە . هــەروەك ئە نجومــەن ڕازی بــوو بــە پەیوەســت بــوونی ئەنــدامان و ئەفسەرانی ڕێخراوەكە بە هێزی سوپا و پولیسەوە .

## 5 – حیزبی دەعوە




**ئیبراهم ئەلجەعفەری**

### پێناسە و پەیدابوون

حیزبی دەعوە بەیەکێك لە کۆنترین پارتە شیعیە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان دادەنرێت ، لە ساڵی 1957 دا دامەزراوە لە شاری نەجەف ، لەسەر دەستی ژمارەیەك زانایانی دینی شیعە . وە توشی پەستانێکی زۆر بوو لەلایەن دەسەڵاتی عبدالکریم قاسم و حیزبی بەعسەوە . کە ئەندامانی ناچاربوون ڕاکەن بۆ ئێران . وە ژمارەیەکی زۆریان لە ئەهواز چڕبونەوە . باڵی سەربازی حیزب لە ساڵی 1979 دا دامەزرا وە ناوی باڵی جەنگاوەری لێنرا وە بڕیاری پێکهێنانی ئەم باڵە بە ڕەزامەندی سەرکردە مێژووییەکا حیزب بوو ، وەك محمد باقر ئەلصدر ومهدی الحسینی .سەرەڕای ئەوەی ڕابەرەکانی ئەم حیزبە زۆربەیان مەرجەعی دینی بەرزبوون ، لە ناوەندە شیعیەکاندا بڵاوبونەوەیەکی فراوانیان هەبوو ، هەتا لە دەرەوەی عێراقیش ، وەك لوبنان و بەحرێن .

### ئامانج و سیاسەتەکان

حزبی دەعوە هاوسۆزی ئەو حیزب و تەوژمە ئیسلامیە شیعیە مێژووییانە بوو ، کە دەیانەوێت شەریعەتی ئیسلامی لە دەستوری دەسەڵات و کۆمەڵگادا جێبەجێبکەن ، حیزب هەستا بە هەڵگرساندنی جەنگی چەتەگەری لە دژی دەسەڵاتی صدام حسین لە ساڵی 1980 وە ، وە توشی دەست لێوەشاندنی گەورە بوو کە ئاکامەکەی ڕا پەڕینی باشوربوو ، کە کادرەکانە دەورێکی گەورەیان هەبوو لە بەرپابونیدا .

### پێکهاتەی ڕێخراوەی

ئیمام محمد باقر الصدر دەورێکی سەرەکی لە حیزبدا گێرا تا لە سێدارە دانی لە ساڵی 1980 ، ئەمڕۆ حیزب ڕابەرایەتی دەکرێت لەلایەن سەرەك وەزیرانی پێشووی عێراق ابراهم الجعفری یەوە . هەروەك ابو عقیل الهاشمی ڕابەرایەتی باڵێکی بچوکی جیابووەوە لە حیزب دەکات ، لە ژێرناوی حیزبی دەعوە ڕێخستنی عێراق حزب الدعوة –تنظيم العراق .

### ڕێکەوتن و هاوپەیمانی

حزبی دەعوە پەیوەندی باش کویکردۆتەوە لەگەڵ تەواوی حزبە شیعیەکانی عێراق ، وە هەروەها تارانیش ، کە میواندار ی حیزب و کادرەکانی بە درێژای ماوەی ڕوبەڕو بونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی صدام حسین کرد ، وە بارەگاکانی بۆ پاراست .

### چالاکیە چەکداریەکان

حزب هەستاوە بە کردەوەی توندوتیژ بە درێژای ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی لادراو صدام حسین . کە لە ئێرانەوە دەردەچوون . وە هەندێك جاریش لە پەناگاکانیان لە عێراقەوە . هەروەك ئەوەی لە ڕاپەڕینی شیعەکانی باشور . حزب هەوڵی تیرۆرکردنی صدام حسینی دا لە 8 ی تەمووزی 1982 دا لە گوندی دجیل . حزبی دەعوە خاوەنی ڕێخستنێکی چەکدارە ،

كەناوی پاسەوانی تایبەتە (الحرس الخاص ) یان ئاسایشی تایبەت ( الامن الخاص ) كە ئەركی دابــین كــردن و پاراســتنی بارەگاكانی حزب و ڕابەرەكانیەتی . هەندێك لایەن باڵی سەربازی حزب تاوانبار دەكەن كە دەســتی لــە كــردەوەی كوشــتندا هەبووە بە هۆی هەواداری تیرەگەریەوە . بە تایبەتی لە لادێكانی باشوری عێراقدا . كە حیزب لایەنگری فراوانی تیا هەیە . هەروەك هەندێك بەرپرسیارێتی ئەو ناكاوكوژیانەی ئەفسەر و فرۆكەوانەكانی سوپای عێراقــی پێــشوو دەخەنــە پاڵی . وە دەیگێڕنەوە بۆ هۆكاری ئەو دەورەی پێشتر ئەم ئەفسەرانە بینیویانە لە سەركوتی حیزبدا . ژمارەیەك لە عەرەبــە ســونەكان داوایان كرد بە كشانەوەی ئەندامانی ئەم حزبە لە دەزگاكانی دەوڵەتدا ، وە بەتایبــەت وەزارەتــی نــاوخۆ و بــەرگری ، بــە بوونی بڕوای ئەودەورەی ئەندامانی ئەم حزبە دەگێڕن ، كە بە گروپەكانی مەرگ ناسراون .




## 6 - ڕێخراوی جەنگاوەرانی خەڵك ( ئێران )

### پێناسە و پەیدابوون

ڕێخراوێكی ئێرانیە ، لە ساڵی 1965 دا دامەزراوە ، تێكەڵەیەك لە كەسایەتی بە پاشخانی بیری چەپ و دینیــەوە پێیــەوە پەیوەست بوون ، كە بەرهەڵستكاری توندی دەسەڵاتی پەهلەوی كۆی كردبونــەوە . ڕێخراوەكــە لــە شۆڕشــی دژی محمــد ڕەزا پەهلەوی بەژداریكرد ، لەگەڵ ئیمام ئایت الله خومەینی و سەرجەم بەرهەڵــستكاراندا . وە لــە پێــشەوەیان حیــزی تــودەی كۆمۆنیست لە ساڵی 1979 دا . كە كارەكە بەخێرای گۆڕا بۆ پێكادان لە نێــوان هــەردوو لادا . پــاش بڕیــاری خومــەینی بــۆ كۆكردنەوەی چەك ، وە ڕێخراوەكــە بــە دەســتەوەدانی چــەكەكانی ڕەتكــردەوە . لــە ســاڵی 1987 دا ســوپای ئــازادكردنی نیشتیمانی پێكهێنا ، تاببێتە باڵی سەربازی بــۆ ڕێخــراوی جــەنگاوەرانی خــەڵك ، كــە پەیوەســت بــوو بــە ئە نجومــەنی نیشتیمانی بۆ بەرگری لە ئێران . ساڵی 1993 ڕێخراوی جەنگاوەرانی خەڵك هەستا بە هێرشی توندی زیان بەخش بۆ ســەر ئاما نجەكانی سەربە دەسەڵاتی خومەینی ، لەوانە تیرۆر و تەقاندنەوە ، تا پەســتانی ســەربازی تونــدی خرایــە ســەر لــە ناوخۆی ئێراندا ، مسعود ڕەجەوی ڕابەری ڕێخراوەكە ڕایكرد بۆ دەرەوەی وولات .

### ئاما نجە سیاسیەكان

ڕێخراوەكە لەسەر ئاستی تیوری هەوڵیدا گونجان لە نێوان ئیسلام و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیدا پێك بهێنێــت ، هەســتا بــە پرۆژەی سیاسی لەسەر وەلاوەنانی دەسەڵاتی ئێستای تاران و جێبــەجێكردنی بەرنامــەی بزوتنەوەكــە . كــە هەســتابوو بــە پێشنیاركردنی پرۆژەی نزیك لە ئیسلامی سۆسیالستی كە لە هەفتاكاندا پێشنیاركرابوو .

### هەڵوێست و سیاسەتەكان

هەڵوێستی سیاسی ڕێخراوەكەچڕبۆتەوە لەسەر ڕەخنە كردنی دەسەڵاتی ئێستای ئێران ، وە دەست نەخــستنە نــاو كاروبــاری ناوخۆی عێراقەوە ، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەك لە لایەنە عێراقیەكان بە بەردەوامی بونیان لە عێراقــدا ڕەتدەكەنــەوە ، وە

تاوانبار دەکرێن بە هاوسۆزی بۆ دەسەڵاتی صدام حسین . وە حیزبە شیعە عێراقیەکان بەردەوامی بونیان لەسەر خاکی عێراق ڕەتدەکەنەوە ، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی پێیـدەڵێن ( دەورێکـی گـەورە " دورا کـبیرا " ) ی ڕێخراوەکـە لـە لـە نـاوبردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا ، وە سەرکوت کردنی ڕا پەڕینی باشور لە دژی دەسەڵاتی صدام هـەبیووە . هـەروەك سـەرەك وەزیرانـی عێراقی نوری المالکی گفتیدا بە کۆتـایهێنـانی بـوونی ڕێخـراوی جـەنگاوەرانی خـەڵك لـە عێراقـدا ، وە بـە ڕێخراوێکـی تیرۆرستی ناوزەندی کردن . لەلایەکی ترەوە دووپاتی کـردەوە کـە هێـزی سـوپای عێراقـی چـەندمانگێکە گـەمارۆی ئـەو شوێنـانەی داوە کە ئەم ڕێخراوەی لێیە . وە ئێران داوای گرتنی ئەم ڕێخراوەی کرد بە هۆی بەردەوامی دەوری سەربازی لـە دژی تاران ، وە ئاودیوکردنی چەك بۆ ناوخۆی خاکی ئێران ، لەگەڵ ئەوەی ڕێخراوەکە بەشێوەیەکی بەردەوام بەیاننامە دەردەکات . کە ئێران تاوان باردەکات بە لەناوبردنی ڕابەرەکانی سونەی عێراق . لەوانە تیرۆرکردنی برای تـارق ئـەلهاشمی ( محمـد ئەلهاشمی ) وە برای صالح مطلك طه مطلك . ڕێخراوەکە زانیـاری دزەپێکـردوە لەسـەر پلـە پێـشکەوتوەکانی بەرنامـەی ناوەکی ئێران پێش دوو ساڵ ، بە هـۆی سـەرکەوتنی ڕاسـتەوخۆی هەڵمـەتی داواکـردن لـە ئێـران بـە وەسـتانی بەرنامـە ناوەکیەکەی ، وە کەوتنە ژێرچـاودێری دامـەزراوەکانی لەلایـەن کۆمـەڵگای نیودەوڵەتیـەوە . هـەروەك وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا بزوتنەوەکەی لە ساڵی1997 دا لە لیستی گروپە تیرۆرستیەکاندا دانا . وە ئە نجومەنی نیـشتیمانی بـۆ بـەرگری ئێران زیاد بوو بۆ لیستەکە ساڵی 1999 . وە لە ساڵی 2000 دا ڕێخراوەکە پلەبەند کرا لە لیـستی یـەکێتی ئـەوروپا بـۆ گروپە دابڕاوەکان .

**ڕێکەوتن و هاوپەیمانی**

پەیوەندی نێوان سەرانی ڕێخراوەکە و دەسەڵاتی سەرۆکی عێراقی لادراو صدام حسین باش بوو ، کە جەنگێکی قورسی لە دژی تاران بەرپاکرد بوو ، بڕیاریـدا هاوکـاری لەگـەڵ ڕێخـراوی جـەنگاوەرانی خەڵکـدا بکـات لـە وەڵامـی لـە باوەشـگرتنی بەرهەڵستکارانی عێراقی لەلایەن ئێرانەوە . وە دابین کردنی مەشق و چەکدارکردنیان .

**پێکهاتەی ڕێخراوەی**

ڕێخراوەکە پێشڕەوی دەکرا لە لایەن سەرکردەی مێژووی مسعود رجوی یەوە . هەندێك لە پایتەختە ئەوروپاییەکان ویستیان کارەکانی ڕێخراوەکە ڕاگرن لە سەر خاکەکەیان پاش کەوتنی بەغداد . هەروەك لـە پـاریس رویـدا. کـە دەیـان ئەنـدامی ڕێخراوەکە گیران لەوێ . وە ئەو دەوڵەتـانە پاشان بەم هەنگاوەیاندا چـوونەوە . ڕێخراوەکـە مریـەم ڕەجـەوی ژنـی مـسعود رەجەوی یان هەڵبژارد وەك سەرۆك بۆ کۆماری ئێران ، ڕێخراوەکە واسـەیریان دەکـرد کـە تاکـە نوێنـەری شـەرعی ئێرانـی ڕاستەقینەیە .

**چالاکیە چەکداریەکان**

بەغداد چەك و تەقەمەنی و سەربازگە و مەشقی پێویستی بۆ ڕێخراوەکە دابین کردووە . دەوری ئەم ڕێخراوە گەورە بوو پـاش گواستنەوەی بۆ عێراق . وە کامپەکانی بۆ مەشقی هەموو ئۆپۆزسیۆنەکانی دەسەڵاتی خومـەینی لـە خـۆدەگرت . تـا ژمـارەی جەنگاوەرانی گەیشتە نزیکەی 20 هەزار ، دەجەنگان لە ژێرناوی سوپای ڕزگاری نیشتیمانی ئێران . ڕێخراوەکە بـە درێـژای ماوەی هەشتاکان تا هاتنە ناوەوەی هێزی ئەمریکی بۆ عێراق هەستاوە بە ئە نجامدانی هێرش بۆ سەر هێزەکـانی ئێرانـی . لەم چوارچێوەیەدا ڕێخراوەکە لە ناو خاکی ئێرانیدا یان لە سەربازگەکانیدا لەسەر خاکی عێراق ، توشی لێـدانی سـەربازی بوون . ڕێخراوەکە بەردەوام بوو لە کارکردن لە نـاو عێراقـدا تـا هاتنـە نـاوەوەی سـربازە ئەمریکیـەکان . ئـەمریکا وەك

ڕێخراوێكی تیرۆرستی ڕیزبەندی كردبوو ، وە هەندێك لە كامپەكانی بونە ئامانج . وە ڕێخراوەكە پێداگری كرد كە بمێننەوە لە سەربازگەكانیدا ، وە باوەڕدەكرێت كە 5 هەزار ئەندامی چەك هەڵگری هەبێت .




## 7 – پارتی كرێكارانی كوردستان

**پێناسە و پەیدابوون**

پارتێكی ناسیۆنالستی كوردیە ، لە سەر بیر و باوەڕی ماركسی لینینی بنیاتنراوە . عبدالله ئۆجئالان بنیاتنەر و سـەركردەی بووە لە ساڵی 1978 دوە .

**ئاما نجە سیاسیەكان**

پرۆژە سیاسیەكەی هەڵدەسێت بە یەكخستنی كوردەكان كە دابەش بوون لە سەر ژمارەیەك دەوڵەتی ناوچەكە ، وەك توركیا و سوریا و عێراق و ئێران لە یەك دەوڵەتدا . حیزب لەوبڕوایەدایە كـە تێكۆشـانی چـەكداری تاكـە هۆكـارە بـۆ گەڕانـەوەی مافەكانی كورد لە نیشتیمانێكی نەتەوەیدا . كە وایكردوە ببێتە دوژمن لەگـەڵ زۆربـەی وولاتـانی ناوچـەكە ، جگەلـەوەی چالاكیەكانی لە بنەمادا دژی توركیایە . ئەم كارە هەندێك وای لێكدەدەنەوە كە حیزب شوێنكەوتەی شوێنێكی دیاریكراوبێت لە ناوچەكەدا ، هەروەك هەندێكی تر دەیبەستنەوە بە هەڵوێستی ئەنقەرەوە لە دژی كورد .

**پێكهاتەی ڕێخراوەی**

عبدالله ئۆجئالان ناسراو بە ( ئا پۆ ) سەركردەی مێژووی و بنیات نەری حیزبەكەیە . ساڵی 1998 گۆڕانێكی فراوانی گەورەی لە مێژووی حیزبدا بە خۆیەوە بینی ، لەگەڵ دەست گیركردنی ئۆجئالاندا لە كینیا ، وە گواستیانەوە بۆ توركیا و فڕێیاندایە گرتوخانەوە . پاش دەستگیركردنی ئۆجئالان حیزبەكە توشی هەندێك دابەش بوون هات ، وە باوەڕدەكرێـت كـە یـەكێك لـە براكانی ڕابەری كوردی گیراو ( ئۆجئالان ) ڕابەرایەتی ئەندامانی ڕێخراوەكە بكات ئێستا ، بەڵام باڵی سەربازی حیزب ناوی هێزی پارێزگاری گەلی كوردستانی هەڵگرتوە .

**ڕێكەوتن و هاوپەیمانی**

حیزب یارمەتی و پشتیوانی لە ژمارەیەك ڕێخرا و لایەنە چەپەكانەوە پێدەگات ، لەو ڕوانگەیەوە كە بنیات نراوە لـە سـەر بنەمای كۆمۆنیستی . لە سەرەتای هەشتاكاندا دەستی كرد بە ئاڕاستە كردنی گورزی سەربازی لە توركیا لە سنوری باشوریەوە ، بە بەكارهێنانی خاكی سوریا یەكەم جـار . كەلـە سـەربازگەكانی مەشـقەوە لـە دەشـتی بیقـاعی لوبنانـەوە دەهـاتن .
دەسەڵاتدارانی سوریا توشی فشاری گەورەهاتن لەلایەن ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە ، وە ئاماژەی سـەربازی لەلایـەن توركیاوەو ، كە ناچاری كرد داوا لە ئەندامانی حزب بكات خاكەكەی بە جێبهێڵن ، وە پـاڵی پێوەنـان بـۆ نـاو شـاخەكانی

کوردستانی عێراق بە پۆل پۆل . کە بووە بارەگایەکی چاك بۆ یان و دەرچوونی کردەوەکانیان دژی دەسەڵاتی تورکیا ، سەرەڕای تورکیا ئێران دەیەوێت ڕزگاری ببێت لەم حیزبە ، کە تاوان باری دەکات بە درێژکردنەوەی چالاکیەکانی بۆ ناوچە کوردیەکانی ئەووولاتەش . هەروەك حکومەتی عێراقیش دەیەوێت . وە لایەنە کوردیەکان بەژدارن لە دەست بەسەراگرتنی چالاکیە سەربازیە بەردەوامەکانیدا .

**چالاکیە چەکداریەکان**

حیزب دەستی بەسەر ژمارەیەك گونددا گرتوە لەوپەڕی باکوری کوردستان ، وە هەستاوە بە بە کارهێنانی ئەندامانی لە هەردوو دیوی سنورەوە بەبەزاندنی سنور و جێبەجێکردنی کردەوەکانی لەناو تورکیادا . لەو بڕوایەدایە کە لە پاشی زیاتر 30 هەزار کوژراو بەجێماوە ( کوژراوی تورکی ) ، بوونی حیزب لە باکوری عێراق بەدەرکەوت پاس داگیرکردنی کوەیت ، وە ناوچە کوردیەکان گۆڕا بۆ ناوچەیەکی جیا ، وە هەستان بە ئەنجامدانی زۆرترین هێرشەکانیان لە سەر تورکەکان لەم ماوەیەدا . کە پاڵی بە سوپای تورکیاوەنا بۆ وەڵام دانەوەیان لە شوێنەکانیان لە باکوری عێراق . وە هەتا دەرپەڕاندنی ئەندامانی لە ناو خاکی عێراقدا . ئۆجئالان زیاتر لە بانگەوازێکی ئاراستەکرد و ڕایگەیاند بۆ وەستاندنی جەنگ لە نێوان حیزبەکەی و تورکیادا ، هەتا ئێستاش شەڕ بەرپادەبێت هەر سات ناساتێك . بە تایبەت کە جەنگاوەرانی حیزب چەك و مەشقی باشیان هەیە ، بە هەزاران خۆیان مەڵاسداوە لە ناوچە شاخاویە بەرزەکاندا .

## 8 – میلیشیاکانە سەر بە بەرەی تورکمانی

**پێناسە و پەیدابوون**

تورکمانەکان پەنایان بۆ چەکداری برد ، لە ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی عێراقی لادراو صدام حسیندا ، بە پاڵپشتی تورکیا ، بەو پێیەی کەوای دەبینی تورکمانە کانیش هەروەك کەمە نەتەوەییەکانی تر لە عێراقدا توشی هەوڵی سڕینەوە هاتون . وە دکتۆر فاروق عبدالرحمن بوو بە سەرۆکی بەرەی تورکمانی ، کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندنەکانی لەماوەی پێش 2002 دا ، کە لایەنە تورکیەکان هەستان بە مەشق پێکردنی لاوانی تورکمان لە سەربازگەکانی ناوچەی کالار ، سەرەڕای ئەوەی بڕیاردرا بە هەڵوەشانەوەی ئەو میلیشیایانەی پاش کەوتنی دەسەڵاتی صدام حسین دروست بوون .

**ئامانجە سیاسیەکان**

کادرە سیاسیەکان لە حیزبە تورکمانەکاندا ڕایانگەیاند کە ئامانجیان ، دابین کردنی سەلامەتی و بەرژەوەندی تورکمانە لە عێراقدا . لە سایەی ئەو ململانێیەی کە شێوەیەکی ڕەگەزی و گروپی وەرگرتوە لەم وڵاتەدا ، وە کێشەی گرتنی مانەوەی تورکمان لە کەرکوکدا ئامانجی سەرەکیە بۆ ئەمان .

**پێکهاتەی ڕێخراوەی**

بەرەی توركمان بنیات نراوە ، بەسەرۆكایەتی سعدالدین ئـاركیج ، بـە شـێوەیەكی فـەرمی ، وە ملیـشیاكانی سـەر بـەوە ، سەرەڕای ئەوەی ئەو جەنگانەی بە خۆیەوە بینی لە سەر ئەو ناوچانەی ناكۆكیان لەسەرە لە نێوان توركمان و كوردەكاندا لـە كەركوك . و شەڕی تەلەعفەر ، كە دووپاتی كردەوە كەبونی ملیشیای توركمان ڕێخستنی باشی هەیە .

هەڵوێست و سیاسەتەكان

بەرە لە كردەوەی سیاسی عێراقدا بەژدارە ، بەڵام قـەبارەی دابەشـبوونی دانیـشتوان دیمـۆگرافی توركمـان لـەو وولاتـەدا دەورێكی گەورەی لە كردەوەی سیاسیدا پێنەداوە . لە هاوپەیمانی و پێكەوە گونجاندان لەگەڵ لایەنە عەرەبیەكاندا كە لـە ناوچەكاندا پێكەوە بونیان هەیە . وە لە ڕوبەڕوبونەوەی كوردەكاندا كە بەرە تاوانبارێیان دەكات بە كاركردن بـۆ وەدەرنـانی توركمان . بەرە پەیوەندی پچڕپچڕی هەیە لەگەڵ ڕێخراوە چەكداریە توندڕەوەكان ، پـاش تاوانبـاركردنی بـەرە بـۆ ئـەو ڕێخراوانە بە بە كارهێنانی ناوچەكانی توركمان بە هەستان بە كردەوەكانیان لە دژی هێزی ئەمریكی . كە بووە هۆی ئـەوەی هەڵوێستەكانیان زیان بە بەرژەوەندیەكانی توركمان بگەیەنێت ، هەروەك ئەوەی لە شاری تەلەعفەر ڕویـدا . كـە گەڕەكـە توركمانەكان توشی زیانێكی گەورە بوون لە ڕوبەڕو بوونەوەكاندا . بەرە یارمەتیەكی گەورەی لەلایەن توركیاوە پێـدەگات ، كە پەیوەندیەكی مێژووی زمانەوانی و ڕەگەزی لەگەڵ ئەنقەرە كۆیان دەكاتەوە . وە توركیا پاڵپـشتی كـردن لـە ماوەكـانی ڕابردودا بە پرچەك كردن و مەشق پێكردنی ئەندامانی بەرە ، بە مەبەستی پارێزگـاری كردنـی خۆیـان لـە دژی دەسـەڵاتی پێشوو .

چالاكیە چەكداریەكان

بە شێوەیەكی گشتی چالاكیە سەربازیەكانی گروپە چەكدارەكانی توركمان ، كورت بۆتـەوە لـە پاراسـتنی ناوچـەكانی كـە توركمانی تیا نیشتە جێیە . بە تایبەتی كەركوك . بۆ ڕوبەڕوبونەوەی كوردەكان ، سەرەڕای پاراستنی كەسایەتیە توركمانـە دیارەكان .



9 – ڕێخراوی ئەلقاعدە لە نیشتیمانی دوو ڕوبار

ئەبو موصعەب ئەلزەرقاوی

پێناسە و پەیدابوون

ئەم ڕێخراوە هاوسۆزی هەیە بۆ بیری ڕادیكاڵی جەنگاوەری ، وە بە توندڕەو و لە یاسا دەرچوو دادەنرێت ، ڕێخراوەكە دەسـتی كرد بە كردەوەكانی لە عێراقدا لە كاتی كەوتنی دەسەڵاتی صدام حسینەوە ، لـە ژێرنـاوی گروپـی یـەكبوون و جەنگینـدا ( جماعە التوحید والجهاد ) بە سەرۆكایەتی ئەبو مەسعەب ئەلزرقاوی ئەردەنی ، لـە 17 ی تـشرینی یەكـەمی 2004 دا ، زەرقـاوی ڕایگەیاند كە پەیمانی بە سەرۆكی ڕێخراوی ئەلقاعیـدە ئوسـامە بـن لادن داوە . وە نـاوی گروپەكـەی گـۆڕی بـۆ

ڕێخراوی قاعیدەی جەنگاوەران لە نیشتیمانی دووروبار . هەندێك لە چاودێران ئەم هەنگاوە بە جەمسەركردنی زەرقاوی لێكدەدەنەوە بەوەی كە پشتگیری دارای و مەعنەوی زیاتری پێدەگات . سەرەڕای كشانی بەشەری و درێژبونەوەی جیهانی ڕێخراوەكە ، كە جێبە جێكردنی چەسپاندنی ئامانجی ڕێخراوی ئەلقاعیدەیشە . وە ئەم ڕێخراوە بە ڕێخستنێكی باش ، وە پارە پێدانێكی گەورە جیادەكرێتەوە و لە ڕیزەكانیشیا جەنگاوەرانی عەرەب زیادی كردووە.

**ئامانجە سیاسیەكان**

ئامانجەكانی ئەم ڕێخراوە تەنها بە وەدەرنانی بیانی لە عێراقدا پەنگ ناخواتەوە ، بەڵكە وادادەنێت كە جەنگ لە عێراقدا درێژكراوەی شەڕی جەنگاوەری جیهانیە لە دژی ئەمریكای خاچ پەرست . وە دەسەلاتە عەرەبیە هاوپەیمانەكانی ( هەلگەڕاوەكان ) . ئەم ڕێخراوە جیادەكرێتەوە لە سەرجەم گروپە چەكدارە عێراقیەكان لە ستراتیژیە جیهانیەكەیدا ، كە ناوخۆی و عێراقی نیە .

**هەلوێست و سیاسەتەكان**

ڕێخراوەكە كاری سیاسی بە ڕەهای ڕە دەكاتەوە ، وە وادادەنێت هەركەسێك لەگەڵ داگیركەردا هەلسوكەوت بكات خیانەتكار و هەلگەڕاوەیە . وە مافی ئەوەی پێئەدات بكرێتە ئامانج ، لەبەر ئەوە وادادەنێت هەركەسێك بەژدارە لە حكومەتدا ، وە هێزەكانی سوپا و پۆلیس و هەوالگری ، وە بەلێندەرە سیڤیلەكان ، ئامانجێكی دروستن . هەروەك ڕێخراوەكە لە ئەیلولی 2005 دا جەنگی دژی شیعە ڕاگەیاند ، بەو پێیەی هاوكارن لەگەڵ داگیركەر . وە زەرقاوی زیاد لە جارێك داوای لە سونەی عێراق كردووە بە كوشتنی شیعە ، وە هەر ڕێكەوتنێك لەگەلیاندارێت دەكاتەوە .

**سەركردە**

دامەزرێنەری ئەم ڕێخراوە ئەبو مەصعەب ئەلزرقاویە ، ناوی ڕاستەقینەی (أحمد فضيل نزال الخلايلة) ە كە بە ڕەگەز ئەردەنیە . پاش كەوتنی دەسەلاتی تالیبان لە ئەفغانستانەوە لە ڕێگەی ئێرانەوە گەیشتە كوردستانی عێراق ، وە لەو ناوچەیەی كە گروپی پشتیوانانی ئیسلام دەستیان بەسەردا گرتبوو جێگیر بوو ، تا هاتنەناوەوەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو بەغداد . پاش ئەوە گواستیەوە بۆ ناوچەكانی تری عێراق . وە یەكەم كەسێك كە جیهانی بە زەرقاوی ناساند ، وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریكا كۆلن پاوڵ بوو . لە وتارێكیدا لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ، لە 5 ی شوباتی 2003 دا . ووتی كە زەرقاوی پردی پەیوەندیە لە نێوان دەسەلاتی عێراقی پێشوو وە ئوسامە بن لادندا . وە ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بڕی 25 ملیۆن دۆلاری تەرخانكرد بۆ هەركەسێك زانیاری بدات ببێتە هۆی دەست گیركردنی زەرقاوی . وە زەرقاوی ڕوی خۆی ئاشكراكرد لە شریتێكی وێنەیدا بۆ یەكەم جار لە 26 ی نیسانی 2006 دا . وەحكومەتی عێراقی ڕایگەیاند لە 8ی حوزەیرانی 2006 دا كە زەرقاوی و حەوت لە یاریدەدەرەكانی كوژراون ، لە لێدانێكی هەوای ئەمریكیدا لە خانویەكی شارۆچكەی هبهت لە باكوری شاری بەعقوبە لە پارێزگای دیالە . وە ڕێخراوەكە پاش چەند ڕۆژێك ڕایگەیاند كە ئەبو حمزە ئەلمهاجری لە جێگەی زەرقاوی داناوە .

**ڕێكەوتن و هاوپەیمانی**

لە دوو سالی پاش داگیركردنی عێراقدا ئەم ڕێخراوە لەگەڵ گروپە چەكدارە عێراقیەكانی تردا پێكەوە گونجاوە و كاریكردووە . كە پارە و چەك و خۆكوژی پێداون . وەئەم گروپانە پاشان جیابونەوە لە ڕێخراوەكە و ڕتیان كردووە كە ڕیزەكانیان لەگەلیان یەك بخەن . هەرچەندە پاش جەنگی فەلوجەی دووەم كەلە تشرینی دووەمی 2004 دا بەرپابوو .

ڕا پۆرتەكانی ڕاگەیاندن دەستیان كرد بە گواستنەوەی ڕوداوەكانی ، سەرەتای 2006 پێكادانی ڕێخراوی ئەلقاعیدە و گروپە عێراقیە چەكدارەكان و تیرە سونەكان لە ڕۆژئاوای عێراق بە تايبەت لە پارێزگای ئەنبار ، پاش جێبەجێكردنی هێرشـێكی ڕێخراوەكە بۆ سەر یەكێك لە بنكەكانی پۆلیس لە شاری ڕومادی لە 5 ی كانوونی دووەمی 2006 دا ، كە قوربانیـەكانی 67 خۆبەخشی سوونە بوون ، لە نێویاندا بەرگریكەران ( المقاومون ) هەبوو كە دەیان ویست خۆبەخشانە لە ڕیزەكـانی پۆلیـسدا بن .

بڵاوبونەوەی جوگرافی

لەسەرەتادا ئەندامانی ڕێخراوەكە لە ناوچەكانی ڕۆژئاوای عێراقدا چڕببونەوە ، بە تايبـەتی لـە پارێزگـای ئـەنبار كـە ناوەندەكەی ڕومادیە . وە پاش شەڕی فەلوجەی دوو لە تشرینی دووەمی 2004 دا بڵاوبونـەوە بـۆ پارێزگاكـانی بەغـداد و سەلاحەدین كە ناوەندەكەی سامەڕایە و دیالە كە ناوەندەكەی بەعقوبەیە و تەئمیم كە ناوەندەكـەی كەركوكـە و بابـل كـە ناوەندەكەی حللەیە .

چالاكیە چەكداریەكان

كردەوەكانی ئەم گروپە جیادەكرێتەوە بەو هێڵكاریە زیرەكانەیە و بەكارهێنانی ئۆتۆمۆبێلی ئاخنراو و كـردەوەی خۆكـوژی و تیرۆركردن . گرنگترین كردەوەكانی كە ئەوی پێ تاوانبار دەكرێت ئەمانەن .

ڕێخراوەكە پەیوەندی دارە بەو هێرشەی كە ئامانج لێی باڵوێزخانەی ئەردەنبوو لە بەغداد لـە مـانگی ئـابی 2003 دا ، وە ئەو كردەوەخۆكوژیەی كە كرایە سەر بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەغداد لە ڕۆژی 19 ی ئابی 2003 دا . كە بووە هۆی گیان لەدەست دانی 22 كەس ، لەوانە نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق سێرجۆ دی میلۆ .

پە نجەی تاوانباركردن بۆ ئەم ڕێخراوە ڕادەكێشرێت بەو تەقینەوەیەی كە ئامانج لێی مزگەوتی ئیمام علی بوو لـە نەجـەف لە 29ی ئابی 2003 دا . كە قوربانیەكانی چووە 83 كەس . لەوانـە ئايەتاللـە محمـد بـاقر الحكـيم سـكرتێری گـشتی ئەجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق .

هێرشێكی خۆكوژی بۆ سەر بارەگای هێزی ئیتاڵی لە شاری ناسـریە لـە 12 ی تـشرینی دووەمـی 2003دا ، كـە بـووە هـۆی كوژرانی 19 سەربازی ئیتاڵی و 9 عێراقی .

كوشتنی زیاتر لە 170 كەس و برینداربوونی 550 ی تر لە هێرشی ڕێخراوەكەدا كە ئامانج لێی شیعە بـووە لـە كەربـەلا و بەغداد لە یادی عاشورادا لە 2 ی ئازاری 2004دا .

فڕاندن و كوشتنی دوو دبلۆماسی میسری و جەزائیری لە تەموزی 2005 دا ، كە كاریان دەكرد لە باڵوێزخانەی مەغریبیدا .

كوشتنی سەرۆكی ئە نجومەنی دەسەڵاتی گواستنەوەی عێراق عبدالزهرە عوسمان محمـد ناسـراو بـە عزالـدین سـلیم ، بـە ئۆتۆمۆبێلێكی ئاخنراو لە ناوچەی سەوزی بەغداد لە 17ی ئایاری 2004 دا .

هەڵدان بۆ هێرشكردنە سەر گرتوخانەی ئەبو غرێب لـە ئـەیلولی 2004 دا كـە تیایـدا ئـەبو ئـەنس ئەلـشامی گـیرا كـە لێپرسراوی شەرعی بوو لە ڕێخراوەكەدا .

هێرش كردنە سەر بنكەی پۆلیس لە بەغداد لـە 14ی ئـەیلولی 2004 دا بـە ئۆتۆمـۆبێلی ئـاخنراو كـە 49 كـوژراو 131 برینداری لێكەوتەوە .

كاروانێكی ئەمریكی كردە ئامانج بە هۆی كردەوەیەكی یەك لە دوای یەكی خۆكوژیەوە لە 8ی تـشرینی یەكـەمی 2005 دا ، كە ڕێخراوەكە ناوی لێنابوو كردەوەی عمری ئاسنی .

بەردانەوەی كۆپتەرێكی ئەمریكی لە ناوچەی یوسفیە لە سەرەتای نیسانی 2006 دا كە بـوە هـۆی كـوژرانی دوو سـەربازی ئەمریكی كە لە ناویدا بوون .

كاربەدەستانی ئەردەنی بەرپرسیارێتی هەوڵی بە ئامانج كردنی كە شتیەكی ئەمریكی لە بەندەری عەقەبە دەخەنە ئەستۆی ڕێخراوكە ، كە بە هۆی سێ موشەكی كاتیۆشاوە لە 19 ی ئابی 2005 دا كرایە سەری . وە تەقاندنەوەی سێ میوا نخانە لـە عەممان لە 9 ی تشرینی دووەمی 2005 دا كە بووە هۆی كوشتنی 60 سیڤیل و زیاتر لە 100 بریندار .

ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقی مۆفق ئەلربیعی ، ڕێخراوەكەی تـاوان بـاركرد لـە 28 ی حـوەیرانی 2006 دا بـە تەقاندنەوەی مەزاری هەردوو ئیمام هادی و عەسكەری لە سامەڕا لە 22ی شوباتی 2006 دا ، پاش ئـەوەی كاربەدەسـتانی عێراقی یەكێك لە ئە نجامدەرانی تەقینەوەكەیان دەست گیر كرد . كە ئەبو قدامەی تونسی بوو . ئەلربیعی ئاشكرای كرد كە تونسی دانیناوە بەوەی كە ئامانج لە هێرشەكە نانـەوەی تەفرەقەیـە لـە نێـوان شـیعە و سـونەدا و هەڵگیرسـانی جەنگـە تیرەگەریە لە وڵاتەكەدا .

باری یاسایی

باری یاسای وەك ڕێخراوێكی تیرۆرستی لە ڕا پۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكیدا بۆ تیرۆری نێودەوڵـەتی بـۆ سـاڵی 2005 دا دانراوە .




## 10 – ئە نجومەنی ڕوێژی جەنگاوەران لە عێراق

پێناسە و پەیدابوون

ئەم ئە نجومەنە پێكهات لە ناوەڕاستی كانونی یەكـەمی 2006 دا . ئە نجومـەن حـەوت ڕێخـراوی چـەكداری تونـدڕەو لـە خۆدەگرێت ، دیارترینیان ڕێخراوی ئەلقاعیدەی جەنكاوەری لە لە نیشتیمانی دووڕوبـاردا وە سوپای تیرەی مەنسور وە سرایای جەنگینی ئیسلامی و كەتیبەكانی الاهوال و سرایا ی پشتیوانی و یەكبوون و سرایا ی غەریبان و سوپای ئەهلی سونەو كۆمـەڵ ، كە پێش دوو هەفتە پەیوەست بوو بە ئە نجومەنەوكـەوە . وە وادەردەكـەوێت كـە ڕێخـراوی ئەلقاعیـدە دیـارترین گروپـی ئە نجومەنەكەبێت ، هەروەها دەتوانین بڵێین كە ئە نجومەنەكە چ نیە جگە لە ڕوویەكی ڕێخراوی ئەلقاعیدە لـە عێراقـدا . ئامانج لە پێكهێنانی ئە نجومەنەكە دروستكردنی وێنەیەكە لە خەیاڵی عێراقیەكاندا بۆ ڕێخراوی ئەلقاعیدە .

ئاما نجە سیاسیەكان

ئاما نجەكانی ئە نجومەن هاوشێوەیە لەگەڵ ئاما نجەكانی ڕێخراوی ئەلقاعیدەی جەنگاوەران لە نیشتیمانی دووڕوبادا .

**هەڵوێست و سیاسەتەکان**

**هەمان هەڵوێستی هەیە کە ڕێخراوی ئەلقاعیدە بنیاتی ناوە لە عێراقدا ، ئە نجومەن لە داوایەکیدا کە لە بەیاننامەیەکیدا بلاّوی کردەوە لە ناوچەکانی بەغداد ، لە 21 ی ئایاری 2006 دا ، داوا لــە عێراقیــەکان دەکــات لــە عــەرەبی ســونە بــە ڕاگەیاندنی بێبەری بوونیان لە حکومەتی هەڵگەڕاوەکان . وە بەژداربوان تیایدا بگەڕێنەوە ، وە لە 26 ی حوزەیرانی 2006 دا ئە نجومەن بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا هەوڵەکانی ئاشتەوای نیشتیمانیان ڕەت کردبووەوە کە ســەرەك وەزیــران نــوری مالکی پێشنیاری کردبوو .**

**سەرکردە**

**ڕا پۆرتەکان ڕاگەیاندن ئاماژە بەوە ئەدەن کە سەرۆکی ئە نجومــەن نــاوی عبداللــە ئەلرشــید ئەلبغــدادی یــە کــە خــاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقیە ، بەلاّم ئاماژەکان وادەردەکەون کە سەرکردەی ڕاستەقینە ئەبو مصعب ئەلزەرقاویە تاکاتی کــوژرانی . بە پێی ڕا پۆرتەکان ئامانج لە ئاشکرا کردنی بەغدادی وەك سەرکردەی ئە نجومەن ئەوەیــە کــە ڕویــەکی عێراقیانــە بداتــە چالاکیەکانی ڕێخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقدا . هەندێك بەیاننامەی ئە نجومەن دەردەچێت کە هــەڵگری نــاوی باســم ئــەبو میسەرەت ئەلعێراقیە ، کە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنە لە ئە نجومەنەکەدا .**

**چالاکیە چەکداریەکان**

**ئە نجومەن هەروەك ڕێخراوی ئەلقاعدە لە نیشتیمانی دوو ڕوبــاردا ، هێزەکانە فرە ڕەگەز و هێزە عێراقیــەکان و ئەنــدامانی پۆلیس دەکاتە ئامانج . گرنگترین کردەوەکانی کە ئە نجامی داون ئەمانەن .**

**ئە نجومەن لە بەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاندوە لە 22 ی ئایاری 2006 دا کە کەتیبەی ئەبی دجانــەی ئەلئەنــساری هێرشــی کردۆتە سەر چێشتخانەیەك ، کە ئەندامانی پۆلیس تیا کۆببونەوە لە کەڕادە ، کە بــوو هــۆی کــوژرانی بیــست پــۆلیس لــە نێویاندا سێ ئەفسەر هەبوو .**

**ئە نجومەن لە بەیاننامەیەکیدا کەلەسەر ئەنتەرنێت لە 29 ی ئایاری 2006 دا بلاّوبووەوە ، هەســتا بــە تیرۆرکردنــی شــێخ ئوسامەئەلجەدعان سەرەك عەشیرەتی ئەلکرابلە ، لە بەرئەوەی هاوکاری کردوە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا .**

**ئە نجومەن لە بەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاند لە ڕۆژی 19 ی حوزەیرانی 2006 دا ، بــەدیلگرتنی دوو ســەربازی ئــەمریکی لــە نزیك یوسفیە ، کە دوای سێ ڕۆژ دۆزرانەوە بە مردویی .**

**ئە نجومەن لە بایاننامەیەکی ووێنەیدا لە ڕۆژی 25 ی حوزەیرانی 2006 دا ڕایگەیاند ، هەستاوە بە لە سـێدارەدانی چــوار دبلۆماسی ڕوسی کە لە سێی هەمان مانگدا فڕاندبوونی ، لە بەر وەلاّم نەدانــەوەی ڕوســیا بــە داواکانیــان ، بــە کــشانەوەی هێزەکانی لە چیچان و ئازادکردنی سەرجەم چیچانیە گیراوەکان .**

## 11- سوپای پشتیوانانی سونە

**پێناسە و پەیدابوون**

گروپێكی ڕادیكاڵی توندڕەون ، لە ئەیلولی 2003 دا پێكهاتوون . لە نێوریزەكانیدا ئەندامانی پێشووی گروپی پشتیوانانی ئیسلامی كوردی لەخۆدەگرێت . وە جەنگاوەرانی عێراقی و عەرەبە ڕادیكاڵە توندڕەووەكان وەك گروپێكی ڕێخراو لە خۆدەگرێت . لە كاركردنیدا شوێن شێوازی ئەلقاعیدە دەكەوێت .

**ئامانجە سیاسیەكان**

ئامانجی ئەم گروپە كورت نابێتەوە لەسەر دەركردنی بێگانە ، بەڵكە داوای دامەزراندنی دینی خودا و سەپاندنی شەریعەتی ئیسلام دەكەن بۆ بەڕێوەبردنی خاكی ئیسلام ، هەروەك لە یەكـەم بەیاننامەیانـدا هـاتوە كەلـە 20 ی ئـەیلولی 2003 دا دەرچوو .

**هەڵوێست و سیاسەتەكان**

كاری سیاسی ئێستای عێراق ڕەتدەكاتەوە ، هەروەك هەڕەشەی كردبوو لە بەیاننامەیەكدا كە لە كانوونی یەكەمی 2004 دا دابەزی ، كە ئەوەی دەنگ بدات لە هەڵبژاردنەكانی كۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقدا دەیكاتە ئامانج . كە لە كـانونی دووەمـی 2005 دا بەڕێوەچوو . وە لە بەیاننامەیەكدا لە 27ی حوزەیرانی 2006 دا دەرچوو ، پـڕۆژەی ئاشـتەوای نیـشتیمانی كـە سەرەك وەزیرانی عێراقی نوری مالكی پێشنیاری كردبوو ڕەتدەكاتەوە .

**سەركردە**

ئەمیری گروپەكە ئەبو عبداللە بن محمودە ، وە هەندێك سەرچاوەی ڕاگەیاندن ئاماژە بەوە ئەدات كـە عەرەبــە ، ئەنــدامی گروپی پشتیوانانی ئیسلام بووە .

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

بەشێوەیەكە سەرەكی چالاكن لە باكوری عێراق ، لە ناوچەكانی كوردستاندا بە دیاریكراوی .

**چالاكیە چەكداریەكان**

گروپەكە هێزی ئەمریكی ، و هێزەكانی پاسـەوانی نیـشتیمانی عێراقــی ، و پـۆلیس ، و بەڵێنــدەران ، بــە كــرێگیراوان ، ملیشیاكانی ڕێخراوی بەدر ، كردووە بە ئامانج . سەرەڕای بە ئامانج كردن و لێدانی بۆریە نەوتەكان لە كەركوك . گرنگترین ئەو كردەوانەی بەرپرسیارێتی خۆی لێیان ڕاگەیاندوە ئەمانەن .

تەقاندنەوەیەكی خۆكوژی لە ناو هۆڵێكی ئەمریكیەكان لە موسڵ لە ڕۆژی 21ی كانونی یەكەمی 2004 دا ، كە بــووە هــۆی كوژرانی نزیكەی 18 سەربازی ئەمریكی و 4 سەربازی عێراقی .

تەقاندنەوەی دوو خۆكوژ لە بارەگای هەردوو حیزبە سەرەكیە كوردستانیەكە لـە هـەولێر ، لـە 1ی شـوباتی 2004 دا كـە هەردوو تەقینەوەكە 107 كوژراوی هەبوو .

تەقاندنەوەیەكی خۆكوژی لە بینای سەفارەتی توركی لـە بەغـداد لـە 24 ی تـشرینی یەكـەمی 2003 دا ، بـە گـوێرەی بەیاننامەیەك ئەوەی پێی هەستاوە ئەبو عبدالله ئەلدوسری سعودیە .

تەقاندنەوەی بنكەیەكی پۆلیس لە كەركوك لە ڕۆژی 23 ی شوباتی 2003 دا ، كە بووە هۆی كوژرانی 30 پۆلیس و بریندار بوونی 55 ی تر .

تەقاندنەوەی دوو بنكەی پۆلیس لە شاری موسڵ لە 31 ی كانونی دووەمی 2004 دا ، كە بووە هۆی لە دەستدانی گیـانی 11 پۆلیس و بریندار بوونی 50 ی تر ، بە پێی بەیاننامەی گروپەكە.

كوشتنی 12 پاسەوانی ئاسایشی نیپاڵی لە ئابی 2004 دا ، وە 7 لە ئەندامانی پاسەوانی نیـشتیمانی لـە 21 ی نیـسانی 2005 .



وێنەیەكی ژمارەیەك چەكداری كەتیبەكە

## 12 – كەتیبەكانی ئەبو حەفصەی مصری

**پێناسە و پەیدابوون**

كۆمەڵەكە خۆی بەستۆتەوە بە ڕێخراوی ئەلقاعیدەوە ، بەو پێیەی كە ئەبو حەفصە بەر لـەوەی بكوژرێـت یـەكێك بـووە لـە نزیكەكانی ئوسامە بن لادن لە ئەفغانستان ، جگە لەوەی كە زۆربەی چاودێران وایدەبینن كە ئەم گروپە خەیاڵین ، بە زۆری گروپەكە پێكهاتووە لە هەندێك لە سۆزداران لەگەڵ ڕێخراوی ئەلقاعیدە دا . كە بەیاننامەكانی بەزۆری ئەو زانیاریانە لـە خۆدەگرێت كە زیاترنین لەوانەی كە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بلاودەكرێنەوە .

**ئاما نجە سیاسیەكان**

ئامانج و سیاسەتەكانی هاوجوتە لەگەڵ ئامانج و سیاسـەتی گـشتی ڕێخـراوە توندرەوەكانـدا ، وە بەتایبـەتی ڕێخـراوی ئەلقاعیدە هەتا لە سەر ئاستی هەڵبژاردنی ووشە و ئاماژە سیاسی و دینیـەكان لـە بەیاننامەكانیـدا . گروپەكـە بـەژدارە لەگەڵ زۆرینەی ڕێخراوە چەكدارە توندرەوەكاندا ، لە تاوان باركردنی ڕۆژئاوا بـە بـەرپاكردنی جـەنگ لـە دژی ئیـسلام وە وەڵامدانەوەی ئەم جەنگە بە هەموو هۆكارێك ، وە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێكی ئیسلامی .

**پێكهاتەی ڕێخراوەی**

پێكهاتە و ڕێخستنی ئەم گروپە بە نەناسراوی ماوەتەوە ، وە باوەڕ دەكرێت لە كاتێكدا زانیاریەكان ڕاستبن لە سـەر بـوون و دەوری ، كەڕابەرەكانی پێكهاتون لە ئەمیر و ئە نجومەنی ڕاوێژ ،لەسەر شێوەی هەموو ڕێخـستنە هاوشـێوەكانی تـر ، دەزگـا هەواڵگریەكانی ئیسپانیا لەو باوەڕەدان ، كە ئەبو فا تمە ی مەغریبی پەیوەندی هەیە بـەم ڕێخـراوەوە . بـەو پێیـەی كـە

**تۆماری دەنگی ئەوی هەیە کە کردەوەکەی مەدریدی تیا بنیات نراوە . وە لە تۆمارێکی تردا کۆبۆتەوە لــە گفتوگۆیەکـدا لــە گەڵ یەکێك لە لێپرسراوانی مصری لە رێخراوی ئەلقاعیدە .**

**چالاکیە چەکداریەکان**

**لە بەیاننامەیەکدا گروپەکە ناوی کەتیبەکانی ئەبو حەفصەی مـصری – بنکـەی جـەنگین لەئـەوروپا / لـوای ئـەوروپای هەڵگرتبوو . ژمارەیەك چالاکی کە ئەلقاعیدە بنیاتی نابوون بلاٌوکردەوە ، بەبێ ئەوەی هەردەورێك بۆ خۆی دیارییکات . کە وای ڕاگەیاندوە بەشێکی سەر بە ڕێخراوی ئەلقاعیدەیە . لەو کردەوانە تەقینەوەکانی مەدرید و لەندەن ، و هەڕشەکردن بــە هێرش کردنە سەر ڤاتیکان و دانیمارك . هەروەك بەرپرسیارێتی خۆشی لە بڕینی کارەبای هەردوو شاری نیویۆرك و لەنــدەن لە ساڵی 2003 دا ڕاگەیاند . کە پاشتر ئاشکرا بوو کە ناڕاستە .**

**بەلاٌم لە عێراقدا ، گروپەکە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکانی لە بەغـداد تەقانـدەوە ، کـە دەیـان بوونـە قوربـانی ، لــە نێویاندا سێرجیۆ دی میلۆ ، نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان . گروپەکە ئەم کردەوەیان ناولێنابوو شمـشێری داد پەروەری .**

**وەرێخراوی سوپای محمد بەرپرسیارێتی خۆیا لە کردەوەکە ڕاگەیاند ، بەرلەوەی لە لایەن زەرقاویەوە پشت ڕاسـتبکرێتەوە کە رێخراوی قاعیدە بەرپرسیارێتی کردەوەکە ڕابگەیاند . بەبێ ئەوەی ناوی کەتیبەکانی ئەبوحەفصە بهێنێت .**

**هەروەك گروپەکە ڕایگەیاندوە کە دەستی هەبووە لە هێرشەکانی ناوچەی سینادا ، بۆمباران کردنی بەنـدەری عەقەبـە بـە کاتیۆشا کە بە خێرای ڕونبووەوە کە ناڕاستە .**




## 13 – سوپای ئیسلامی لە عێراق

**ێناسە و پەیدابوون**

**گروپێکی سونی ڕادیکاڵی مەرجەعیەت دارن ، لە پاش کەوتنی بەغداد پێهاتوە . وە پێکهاتووە لە ئەنـدامان و ئەفـسەرانی پێشووی سوپای عێراقی ، وە تایبە تمەندەکانی پیشەسازی سەربازی ، وە پیـاوانی ئـاینی ڕادیکـاڵ ، وە کەسـانی سـەربە تیرەکان . وە ئەم گروپە گەورەترین ڕێخستنی چەکداری لە عێراقدا هەیە .**

**ئاما نجە سیاسیەکان**

**ئاما نجەکانی ئەم گروپە ناوخۆیی و نیشتیمانیە ، جەغت لەسەر سـەربەخۆی عێـراق دەکاتـەوە . لەگـەڵ ئـەوەی پـڕۆژەی دامەزراندنی دەسەلاٌتی ئیسلامی لە عێراقدا لە ئاما نجی دوورمەودا پیشانداوە .**

**هەڵوێستو سیاسەتیکان**

سەرەڕای ئەوەی كاری سیاسی ئێستای عێراق ڕەتدەكاتەوە ، نـاكۆكی خـۆی ڕاگەیانـدوە لەسـەر دەسـتوری هەمیـشەیی ، وە بەئامانج كردنی هاوڵاتیانی عێراقی ڕەتدەكاتەوە ، وە ڕێگر بووە لە بەئامانج كردنـی بنكـەكانی هەڵبـژاردن . لـە كـاتی هەڵبژاردنەكانی كە گۆڕەپانی عێراق بەخۆیەوە بینی . بە پێی ئەو بڕیارەی كە دەرچوو لە 21 ی كانونی یەكـەمی 2005 دا . گروپەكە لە بەیاننامەیەكدا لە كانونی یەكەمی 2006 دا ئە نجامدانی گفتو گۆی ڕەتكردەوە كە لە ژێر چاودێری سەرۆكی كۆماردات جلال تاڵەبانی بەڕێوە چوو . وە جەغتی كردەوە لە بەردەوام بوونی لە ڕێگەی جەنگیندا تاكاتی بەئاكام گەیشتنی ئاما نجەكانی لە ئازادی و سەربەخۆی . ووتەبێژ بە ناوی گروپەكەوە ئیبراهیم ئەلشمری لە لێدوانێكیدا لەسەرەتای مـانگی ئایاری 2006 دا ڕایگەیاند ، كە چەك ڕێگاچارەی ستراتیژیە بۆ بەرگری لە دژی داگیركەر .

ڕێكەوتن و هاو پە یمانی

سەرچاوەكانی ڕاگەیاندن وەبیریان هێنایەوە كە سوپای ئیسلامی لە عێراق ، ڕێكەوتوون لەگەڵ سوپای جـەنگاوەران ( جـیش المجاهیدین ) و كەتیبەكانی شۆڕشی بیست و بەرەی ئیسلامی بۆ بەرگری عێراق ، لە نێو ئەوەی پێـی دەوترێـت ئە نجومـەنی ڕێكەوتنی چوار قۆڵی ، كە لەو كۆبونەوانەی كە نوێنەرەكانی ئەم گروپانە ڕێكیان خستبوو پێكهات . كە لـە شـاری ڕومـادی بەسترا لە ناوەڕاستی 2005 دا . وە بەزۆری دروستی ئەو هەواڵانەی كە ئەم چوار گروپە هەڵوێستی سیاسی نزیكیان هەیـە . وە بەزۆری پێكەوە بەیاننامەی هاوبەش دەردەكەن . وەك ئەو بەیاننامەیەی كەلە 20 ی تشرینی دووەمی 2005 دا دەرچوو . كە تیایدا چوار چێوەی دەستوریان ڕەت كردەوە ، وە تیایدا تێكەڵكردنی ملیشیاكانیان لە سوپا و دەزگاكـانی ئاسایـشدا ڕەت كردەوە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە كردەوە چەكداریەكان بە شێوەیەكی هاوبەش بنیات دەنێن .

سەركردە

ڕابەرەكانی گروپەكە نەناسراون ، بەڵام لە 3ی ئابی 2005 دا ڕایانگەیاند كە دكتۆر ئیبراهیم یوسف ئەلـشمری وتەبێـژی ڕەسمیە بە ناوی ئەوانەوە . كە كەسێكی نەناسراوە . كە زیاد لە جارێك لە هۆكانی ڕاگەیاندنەوە دەركـەوتوە . بـە ڕویـەكی پۆشراوەوە .

پێكهاتەی ڕێخراوەی

پێكهاتەی ئەم ڕێخراوە پێكهاتوە بەوپێیەی دكتۆر ئیبراهیم ئەلشمری لە نوسینگەی ڕابەری گشتیدایە ، كە ڕابەری گـشتی و جێگرەكەی لە خۆدەگرێت ، وە نوسینگەی سیاسی ، و ئە نجومەنی ڕاوێژ . كە دامەزرنەرە یەكەمەكان لە خۆدەگرێت . كـە بـە بەڕێوەبەرایەتیەكان ناودەبرێت ، وەك ڕابەرە سەربازیەكان ، وە دەستەی شەرعی ، وە دەسـتەی ڕاگەیانـدنی ناوەنـدی ، وە دامەزراوەكانی تری ئاسیش و سیخوڕی و هیتر .

چالاكیە چەكداریەكان

چالاكیەكانی ئاڕستەیە دژی هێزەكانی فرە ڕەگەز ، وە بەرپرسیارێتی خۆی لە ژمارەیەك هێرش لە دژی هێزەكانی پاسـەوانی نیشتیمانی عێراقی ڕاگەیاندووە . گروپەكە بە كردەوەكانی فڕاندن كە پێی هەڵدەسێت بە ناوبانگە . كـە لـەو بڕوایەدایـە ئامانج لەمە بە ئاكام گەیاندنی ئاما نجی سیاسیە بە فشارخستنە سەر ووڵاتی فڕێنراوەكـە بـۆ وەڵام دانـەوە بـە داواكـاری گروپەكە . هەروەك ئەوەی ڕویدا لەگەڵ دوو فلیپینیەكە ، كە فلپین ناچاركرا بە كشانەوەی پە نجا سەربازەكەی لە عێراقـدا . یان گۆڕینەوەی فڕێنراوەكان بە پارە بۆ دابینكردنی دارای چالاكیەكانیان . لەوانە فڕاندنی ئە نجیلۆ دولاكروزی فلپینی لـە 8ی تەمووزی 2004 دا ، و فڕاندنی هەردوو فەرەنسی كریستسان شـینو وە جـۆرج مـالیرونۆ لـە 20ی ئـابی 2004 دا . وە

فڕاندنی کچە ڕۆژنامە نووسی ئیتالی سگرینا ، وە فڕاندنی باڵوێزی ئێرانی فەرەیدون جەهەنی ، وە سەرجەمیان ئـازادکران جگە لە ڕۆژنامە نووسی ئیتالی ئنزو باڵدۆنی کە لە 26 ی ئابی 2004 دا بە تاوانی سیخوڕی لە سێدارەیاندا .

## 14 – کەتیبەکانی شۆڕشی بیست

**پێناسە و پەیدابوون**

گروپێکی ئسلامیە کە مەرجەعیەتێکی ئیسلامی ڕاست ڕەو یان مامناوەندیان هەیە ، وە بڕوا دەکرێت کـەنزیکبن لـە دەسـتەی زانایانی موسوڵمانانەوە ، کە شێخ حاث ئەلضاری سەرۆکایەتی دەکات ، وە بەیاننامـەی یەکـەمیان لـە 10ی تـەمووزی 2003 دا دەرچوو . ئەم گروپە کە دەستوری خۆیان ڕاگەیاند لەسەر ئەنتـەرنێت بڵاویـان کـردەوە . کـە تیایدا پێناسـەی بنیاتنان و مەرجەعیەت و پێکهاتەی ڕێخراوەیی و هەڵوێستی سیاسی خۆی کردبوو .

**ئامانجە سیاسیەکان**

ئامانجەکانی ئەم گروپە ناوخۆیی و نیشتیمانیە ، کە بە پێی دەسـتورەکەی بزوتنەوەیـەکی جـەنگاوەری نیشتیمانیە . هەوڵئەدات بۆ ئازادکردنی خاکی عێراق لە داگیرکەری سەربازی و سیاسی بیانی ، تا نەوەکانی گـەلی عێراقـی بتوانن خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن .

**هەڵوێست و سیاسەتەکان**

ئەم گروپە بڕوای بە بەردەوامی بەرگری هەیـە وەك گرنتـی چـوونەدەرەوەی داگیرکـەر ، وە داوای دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری دەکات ، وە دیاریکردنی کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بە گرنتی نێودەوڵەتی . وە لە 26 ی ئایاری 2006 دا بە یاننامەیەکیان دەرکرد لەگەڵ چوار گروپی تردا ، کە بەرەی ئیسلامی بۆ بـەرگری عێـراق و سوپای هۆشیاران ( جیش ئەلراشدین ) و چەتەکانی عێرقی جەنگاوەری ، وە سرایا تمکین . بوون کە تیایـدا بەڵێنیانـدابوو بە بەردەوامی بەرزکردنەوەی چەك بەڕوی داگیرکەردا تارزگارکردنی وولات . وە تیایدا بانگەشەیان کردبوو کە سـورن لەسـەر هەڵوێستیان ، بە دان نەنان بە شەرعیەتی هەر حکومەتێکدا لـە ژێـر چـەتری داگیرکـەردا ، وە پەیوەنـد بـە هەوڵـەکانی ئاشتەوای نیشتیمانی کە سەرەك وەزیران مالکی ڕایگەیانـد بـوو ، لـە بەیاننامەیەکـدا کـە لـە 26 ی حـوزەیرانی 2006 ڕایانگەیاند بە ڕونی و ئاشکرا ڕتیان کردبووەوە . لەبەر ئەوەی ئەو هەوڵە تیایدا ڕێگەی کۆتایهێنانی بـە داگیرکـاری دیـاری نەکردوە . وە وایدانابوو کە داوایایەکی دیاری سەرجەم گروپەکانی بەرگری عێراقە .

**پێکهاتەی ڕێخراوەی**

بە پێی ئەو دەستورەی کە ڕایانگەیاندبوو ،کە پێکهاتبوون لە دووباڵ ، باڵی سیاسی کـە مەکتـەبی سیاسـی دەگرێتـەوە ، وە بەشی فتوا و تەئسیل ، وە بەشی جەنگاوەران . وە بەشی ڕاگەیاندن . بەڵام باڵی دووەم سەربازیە کـە کەتیبـەکانی شۆڕشـی

بیست لەخۆ دەگرێت . کە زیاتر لە بەشە سیاسیەکەی ناسراوترە . وە ژمارەی کەتیبەکانی کـە کەتیبـەکانی شۆڕشـی بیـست پێکدەهێنن . زیاترە لە 30 کەتیبە ، کە نـاوی خۆیـان نـاوە بـەناوی هـاوەڵان و کەسـایەتیە ئیـسلامیە مێـژووی و نـوێ دیارەکانەوە ، وە ئەم کەتیبانە کە دابەش بوون لە ناوچە و بەشە جوگرافیەکاندا . ناوچەی بـاکور ، کەتیبـەی شـێرەکانی یەکبوون ، وە کەتیبەی ئوسامەی کوڕی زەید ، وە ناوچە ئەبو غرێب ، کەتیبەی جعفری تەیار ، وە کەتیبەی بومەلەرزەکان ، و ناوچەی ڕۆژئاوا ، کەتیبەی ئەحمد یاسین ، و کەتیبەی محمود شیت خەتـاب ، و ناوچەی بەغداد ، کەتیبەی سـعدی کـوڕی وەقاص ، و کەتیبەی خالیدی کوڕی وەلید ،وە ناوچەی دیالە ، کەتیبەی ڕزگارکەران ، و کەتیبەی علـی کـوڕی ئـەبی تاڵـب ،لەخۆدەگرێت .

بڵاوبونەوەی جوگرافی

لە پارێزگای بەغداد و دیالە و ئەنبار و نەینەوا و سەلاحەدین و بابل دا چڕبونەتەوە . کە دوپاتی ئەوەی کردەوە کە ڕوتێکی ئیسلامی ڕاسڕەو پەسەند دەکەن ، کە ئەمەش تایبە تمەندیەکی ئەم پارێزگایانەیە .

دارای

هەندێك ڕا پۆرتی ڕاگەیاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گروپەکە توانای دارای گەورەی هەیە ، بـەهۆی ئـەو یارمەتیانـەوە کە پێی دەگات لەلایەنە عەرەبیەکانەوە .

چالاکیە چەکداریەکان

چالاکیە چەکداریەکانی لەدژی هێزەکانی فرەڕەگەز چڕبۆتەوە ، وە بە ئامانج کردنی هاوڵاتیان یان هێزی سوپا و پۆلیـسی عێراقی ڕەت دەکاتەوە ، هەروەك شوێنە گشتیەکان و دامەزراوە خزمەت گوزاریەکان و سەرچاوەکانی داهات وەك بۆریە کـانی نەوت ، بە ئامانج کردنی ئەمانەش ڕەتدەکاتەوە ، هـەروەك لـەو بەیاننامەیـەدا کـە لەسـەر تـۆڕی ئەنتـەرنێت لی 14 ی تشرینی دووەمی 2005 دا بە ناونیشانی شتە جێگیرەکانی جەنگاوەران هاتوە . وە جۆراو جۆری تاکتیکە سـەربازیەکانی لـە نێوان لێدان بەموشەك و هاوەن و کاتیۆشا . بەبەکارهێنانی عبواتی ناسیفە وە چاندنی لە ڕێگاکاندا . وە بەگەڕانـەوە بـۆ بە یاننامەکەیان لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاو کراوەتەوە ، یەك ڕۆژ تێنە پەڕیوە یەکێك لە کە تیبەکانی هەڵنەسابێت ، بە کردەوەیەك ، وە لەو چالاکیانەی کەکردویانە .

1- یەکێك لە کەتیبەکانی کەتیبەی خزرا ڕایگەیاند ، لە بەیاننامەیەکی وێنەیدا بە خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی بەریتانی لە جۆری هەلیکۆپتەری C130 لە 2ی ئازادی 2005دا .
2- هەستان بە کردەوەی فڕاندنی بیانی کەلەگەڵ هێزی ئەمریکی کاریان دەکرد ، لەوانە ئەمریکیەك بەڕەگەز یابانی ، کەوەك بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی پایتەختی عێراق کاری دەکرد، لە 21 ی نیسانی 2005دا .
3- تێکشکانی سێ ئۆتۆمۆبێلی دەزگای ناوەندی هەواڵگری ئەمریکی ، لە نزیك ویزگەی مکـارم لـە شـەقامی ئەلمـشاهد ئەلعام لە باکوری بەغداد ، وە کوشتنی ئەوانەی لە ناویدا بوون ، لە 1ی ئایاری 2006 دا .
4- تەقاندنەوەی عبوە ناسیفەیەك لە ناوچەی وەزیریە بە یەکێك بە ئۆتۆمۆبێلە ئەمریکیەکانـدا ، لـە 19 ی ئایـاری 2006 دا ، کەبووە هۆی کوژرانی چوار کەس و تێکشکانی ئۆتۆمۆبێلەکەش .

## 15 – بەرەی ئیسلامی بۆ بەرگری عێراق

**پێناسە و پەیدابوون**

ئەم گروپە پێكهاتوە لە ژمارەیەك لایەنی سونی ، كە ناویان لە خۆیان ناوە ( جامع ) لەو بەیاننامەیەی كە لـە ڕۆژی 28 ی ئاياری 2004 دا دەرچوو ، وە بەیاننامەكانیان بەناوی نوسینگەی سیاسی و باڵی سەربازی كەتیبەی صلاح ئەلدینی ئەیوبی یەوە دەردەچێت .

**ئاما نجە سیاسیەكان**

ئاشكرایان كرد لە بەیاننامەی یەكەمیاندا كە ئاماژەیان پێدابوو ئاما نجەكانیان جێبەجێدەبێت بە كردنەوەی داگیركەر .

**هەڵوێست و سیاسەتەكان**

گوتاری سیاسی ئەم گروپە پێشكەوتوترە لە نێوان گروپەكانی بەرگریدا ، وە زۆربەی كردەوەكانی كە پێـی هەڵدەسێت لـە دژی هێزی ئەمریكیە . ئەمەو دووپاتی كردەوە بە دەركردنی ئەو بەیاننامەیەی لە سەرەتای ئازاری 2005 دا دەرچـوو ، كـە بەكارهێنانی شێوازی ئۆتۆمۆبێلی ئاخنراو لە ناو شارەكاندا ڕەتدەكاتەوە . یان سەربڕینی بارمتەكان ، یان هێرشكردنە سەر بیانیە سیڤیلەكان ، یان لێدان لە دامەزراوە مەدەنیەكان ، یان بە ئامانج كردنی هـەر عێراقیـەك . ئەگـەر لـە ئەنـدامانی پۆلیس یان پاسەوانی نیشتیمانیش بێت . وە سەرەڕای ئەوەی كردەوەی سیاسی ئێـستای عێـراق ڕەتدەكاتــەوە ، وە داوای لــە لایەنگرانی كرد كە بایكۆتی هەڵبژاردنەكان بكەن ، وە لە هەمانكاتدا بەڵێنیدا بەئامانج كردنـی بنكـەكانی هەڵبـژاردن و ڕژاندنی خوێنی عێراقیە بێتاوانەكانی ڕەت كردەوە، هەروەك لەو بەیاننامەیەدا هاتوە كە لە 27 ی كانونی دووەمی 2005 دا دەرچوو . وە لە 28ی حوزەیرانی 2006دا بەیاننامەیەكیان دەركرد تیایدا . هەوڵی ئاشتەوای نیشتیمانیان ڕەتكردبـووەوە ، وە وەبیری هێنایەوە كە هەوڵەكانی مالكی ئەمان ناگرێتەوە .

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

چالاكیەكانی بەرە لە پارێزگای نەینەوا و دیالە چڕ بۆتەوە .

**چالاكیە چەكداریەكان**

لەو چالاكیانەی كە ئەنجامیداون لێدانی هێزی ئەمریكی كە لە فڕۆكەخانەی موصڵ چەق بەستوبوون ، بە هاوەن لە ئایـاری 2004 دا ، وە كوشتنی 8 لە ئەندامنی ناوەندی هـەوالگری ئـەمریكی لـە ئـەلفضيلية لـە هـەمان مانگـدا ، وە سـوتانی ئۆتۆمۆبێلێكی ئەمریكی لە جۆری هەمەر ، كە لەسەر ڕێگە هێرشیان كردەسەری بەهۆی موشەكەوە لە ناوەڕاستی شاری ڕومـادی لە 21ی حوزەیرانی 2006 دا .

## 16 – سوپای هۆشیاران

**پێناسە و پەیدابوون**

**گروپێکی ئیسلامی سونین ، وە بەیاننامەکانی بەواژۆی ئەبو ئەلولید ئەلعراقی ، کە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنە دەردەچێت ، وە لە جێنێتەکەیاندا لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاودەبێتەوە .**

**ئامانج و سیاسەتەکان**

**ئامانج و سیاسەتەکانی وەك یەکە لەگەڵ بزوتنەوەی بەرگری ئیسلامی ، و کەتیبەکانی شۆڕشی بیست .**

**پێکهاتەی ڕێخراوەی**

**لە ژمارەیەك کەتیبە پێکهاتوە ، وەك کەتیبەی کەوسەر ، کەتیبەی فردەوس ، کەتیبەی سەربازانی ئـەلرحمن ، کەتیبـەی سپێدەی ڕاستگۆیان ، کەتیبەی مسلمی کوڕی عقیل ، وە هیتر . هەرکەتیبەیەك چڕبونەتەوە لە ناوچەیەك لە ناوچەکاندا .**

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

**بڵاوبونەوەکانیان لە پارێزگای بەغداد و ئەنبار و دیالە چڕبۆتەوە .**

**چالاکیە چەکداریەکان**

**لەو بەڵگەنامەیەی گروپەکەدا بەناونیشانی دەسەڵاتی شەرعی دەربارەی جەنگین و ئەوانەی پەیوەندی هەیە بەوەوە لەسـەر خاکی عێراق . کە بڵاوکراوەتەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ، لە 28 ی ئایاری 2006 دا ، کە پێکهـاتوە لـە ڕێگەنـەدان بـە کوشتنی شیعە و کورد بەگشتی ، وە کوشتنی ئاڕاستەی داگیرکەر و هاوکارەکانیان کـردوە ، جـا گـروپێن یـان تـاك . لێـرەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی سەرجەم کردەوە سەربازیەکای کە پێی هەسـتاوە لـە بەیاننامەکانیـدا ئاڕاسـتەکراوە لـە دژی هێـزی ئەمریکی ، ئەم گروپە لە تاکتیکە سەربازیەکانیدا هاوەنی بەکارهێناوە ، ، چاندنی بۆمب لە سەر ڕێگاکان ، وە پێکان ، وە لە دیارترینی کردەوەکانی کە پێی هەستاوە لە بەیاننامـە وێنەییەکەیـدا لـە بـەرواری 26 ی حـوزەیرانی 2006دا بـڵاوی کردەوە تێکشکانی مدەڕەعەیەکی ئەمریکی لە ناوچەی** طارمیة .

## 17- سوپای جەنگاوەران

**پێناسە و پەیدابوون**

گروپێکە سونین ، وە بڕوادەکریت نزیکبن لە سوپای ئیسلامی لە عێراقەوە ، یەکەم جـار ئـەم گروپـە بـە دیارکـەوتن لـە شوبـاتی 2005 دا ، کاتێك دوو ڕۆژنامەنووسی ئەنەنوسیان فڕاند وە پاش هەفتەیەك بەرەڵایان کرد .

سەرکردە

بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ سوپای ئیسلامی لە عێراقدا ڕایانگەیاند ، بە دانـانی دکتۆر ئیبراهیم ئەلشمری ، بە ووتە بێـژ بەناوی ئەمانەوە .

ئامانج و سیاسەتەکان

ئامانج و سیاسەتەکان هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوانەی کە سوپای ئیسلامی لە عێراقدا بنیاتی ناون ، وە بەیاننامەیـەکیان لـە 17 ی ئاياری 2006 دا دەرکرد ، تیایدا داواکەی جێگری سەرۆکی عێراق طارق ئەلهاشمییان ڕەتکردبووەوە ، بـۆ وتووێـژی گروپە چەکدارەکان لەگەڵ ئەمریکیەکاندا ، هـەروەك بەیاننامەیـەکیان لـە 28 ی حـوزەیرانی 2006 دا دەرکـرد تیایـدا هەوڵەکەی مالکیان ڕەتکردبووەوە .

چالاکیە چەکداریەکان

کردەوەکانی چڕبۆتەوە لە دژی هێزی ئەمریکی ، گروپەکە لە ڕایانگەیاندێکی کـە بەشـێوەیەکی هاوبـەش لەگـەڵ سـوپای ئیسلامی لە عێراقدا ، ئەو هێرشەی کە ئامانج لێی هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی بوو لە 21 ی نیسانی 2005 دا بەرپرسن ، وە لە 8 ی شوبـاتی 2006 دا لێپرسراوێتی خۆی ڕاگەیاند بە خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی لە بـاکوری بەغـداد ، وە دوو سەربـازەکەی کەلەناویدا بوون دەستگیرکران ، وە لە 9 ی کانونی دووەمی 2006 دا لە بەیاننامەیەکدا کـە بەشـێوەی وێنەی بڵاویکردۆتەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ،هەستاوە بە پێکانی دەسەربازی هێزی مارێنزی ئەمریکی لە شاری فەلوجـە ، وە لە 14 ی حوزەیرانی 2006 دا لە بەیاننامەیەکدا بانگەوازی کرد بەتێکشکانی شاحینەیەکی یارمەتی سەربازی ئەمریکی ، وە کوشتنی شۆفێرەکەی لە ناوچەی باکوری بەغداد لە ناوچەی بێجی .




## 18 - چەتەکانی عێراقی جەنگاوەری

پێناسە و پەیدابوون

گروپێکی ئیسلامی سونین ، ئەو کردەوانەی کە بانگەوازی لێپرسراوێتی دەکات ئاڕاستەیە لـە دژی هێزەکـانی ئـەمریکی ، وە بەیاننامەکانیان لە سەرتۆڕی ئەنتەرنێت بڵاودەکەنەوە .

هەڵوێست و سیاسەتەکان

لە بڵاوکراوەکەیانەوە ڕێبازی ڕاستگۆیان ، ( نهج الصادقین ) کە لە لێژنەی ڕاگەیاندن و شـەرعی ئـەم گروپـەوە دەرچـوو ، بێبەری بوونی خۆیان لە دیموکراسی و هەڵبژاردن ڕاگەیاند ، پاش کوژرانی زەرقـاوی بەیاننـامەیەك لە ئە نجومەنی ڕاوێـژی

گروپەكەوە دەرچوو ، لە 9ی حوزەیرانی 2006 دا . پرسەی خۆیان ڕاگەیاندبوو بە شەهیدبوونی زەرقــاوی . بەڵێنیانــدابوو بە بەردەوام بوون لە ڕێبازی جەنگین و داپڵۆسینی داگیركەران .

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

لەوانەیە بەشێوەیەكی سەرەكی لە ناوچەكانی ڕۆژئاوای عێراق چڕبوو بنەوە .

**چالاكیە چەكداریەكان**

بانگەشەی كرد كە یەكێك لە سرایەكانی ، سریەی شێرەكانی ئیسلام ، توانیویانە ئۆتۆمۆبێلێكی ئەمریكی گەورە تێكبشكێنن . وە سەرنشینەكانیان كوشتوە لەسەر ڕێگای نوێی نێوان مقدادیە و هاورنیە ، بە هۆی بۆمبی چێنراوەوە . لە 20ی حوزەیرانی 2006 دا . وە لە بەیاننامەیەكی تردا بانگەوازی كرد كە سریەی زبــیری كــوڕی ئــەلعام توانیویانــە لــە 22 ی حــوزەیرانی 2006دا كە ئۆتۆمۆبێلێك لە جۆری هەمەری سەربازی خاچپەرستەكان تێكبشكێنن ، لە ناحیەی بروانە لە قەزای حەدیسە لە ئەنبار .




## 19 - گروپی ڕادیكاڵی جەنگاوەری

**هیچ ئارمێك بەردەست نەكەوتوە تایبەت بە گروپەكە**

**پێناسە و پەیدابوون**

یەكێكە لەوگروپانەی كە هاوسۆزی هەیە بۆ ڕەوتی ڕادیكاڵی جانگاوەری لە عێراقــدا . وە هەنــدێك لــە چــاودێرانی فــایلی عێراقی لەوبڕوایەدان ، كە ئەم گروپە مێژوویەكی پەیوەندیداری بە گەشەی بزوتنەوەی ڕادیكــاڵی لــەو وولاتــەدا هەیــە . بەشێوەیەكی دابڕاو لەو بیرە ڕادیكاڵیەی كە ڕێخراوی ئەلقاعیدە لە باوەشی گرتوە . لە بەرئەوە لێك نزیكــی ڕێخــراوەی لــە نێوانیاندا دیاریكراوە .

**ئامانجە سیاسیەكان**

ئەم گروپە بوونی بیانی لەسەخاكی عێراق ، وە كردەوەكانی دەسەلاتی عێراقی پێشوو ، ڕەتدەكەنەوە . وە كاری سیاسی لــە سایەی بوونی هێزی هاوپەیمانان لە عێراقدا ڕەتدەكەنەوە . وە داوای جێبەجێكردنی یاساكانی شەریعەت دەكەن ، ئامانجە سیاسیەكانی ئەم گروپە عێراق تێدەپەڕێنن و پێشنیارەكانی لە سەرئاستی جیهانی ئیسلامی هەموویەتی .

**هەڵوێست و سیاسەتەكان**

ئەم گروپە یەكەم بەیاننامەی خۆی لە 7/1 /2003 دا دەركرد ، وە تیایدا هاتوە كە بزوتنەوەیەكی ڕادیكاڵی ســونیە ، وە دوژمنایەتی علمانیەت و سۆسیالست و كۆمۆنیزم و نەتەوەییەكان دەكات . بەیاننامەكە ســیفەتێكی جیهــانی دابــووە پــڕۆژە سیاسی و سەربازیەكانی ، كاتێك وایدانابوو كە هێرش بۆ سەر عێراق ئاكامی هاوپەیمانی جولەكە و ئەمریكایە ، هــەروەها

ڕێخراوەكە دووپاتی كردەوە كە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیسلامیە لە سەرانسەری وولاتانی ئیسلامیدا ، وە پاشــان داگیركاریە ( فتوحـات) ئیسلامیە كۆنەكە تەواوبكات . ڕادیكاڵە عێراقیەكان وایدەبینن ، سەرجەم خەڵك بەكوشتن سزنادەن ، بەڵام پێویستە هەڵوێستیان یەكلابكەنەوە ، بە بەكارهێنانی شەرع بەرلەوەی سزایان بەسەردابدرێت ، لەبەرئەوە كوشتنی شیعە سیڤیلەكان بە دروست نازانن ، لەبەرئەوە دژی ئەوەن كە ڕێخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقدا پێی هەڵدەسێت .

**پێكهاتەی ڕێخراوەی**

یەكەم بەیاننامەی گروپەكە بەناوی ئەمیرەكەیانەوە ئەبو دجانە دەرچوو ، باڵی سەربازی ڕابەرایەتی دەكرێت لەلایەن ئەبو ئەلدرداء ئەلعراقی یەوە ، ڕێخستنە سەربازیەكانی لە شێوەی خانەی بچوكدا هەڵدەسن بە كردەوەكانیان زۆر بــەخێرای . وە بڕوادەكرێت كە شێخ مهدی ئەلئەصمعی ،ڕابەری دینی ڕادیكاڵی ناسراو لە عێراقدا ، یــەكێك لــە ڕابــەرە ڕۆحیــەكانی ئــەم گروپە بێت . كە یەكێكە لەو پیاوە دینیانەی كە ناسراوە بە دژایەتی كردنی بوونی ڕۆژئاوایی و دەســەڵاتی صــدام حــسینیش پێكەوە . وە ئەلئەصمعی و ڕەوتەكەی ، بە ئاشكرا دژایەتی دەسەڵاتی بەعسی علمانی لە عێراقدا دەكەن ، كە ئەو دەسەڵاتە زۆر بەتوندی وەڵامی داوەتەوە ، كە ژمارەیەك كوژرا و گیراوی بۆ ئەوان پێوەبوو .

**چالاكیە چەكداریەكان**

زۆربەی چالاكیەكانی ڕێخراوەكە لە ناوچەی سێگۆشەی سونیدا چڕبۆتەوە ، وە هەستاون بە زیاتر لە كردەوەیەك لە فەلوجــە و تەلەعفەر و لەتیفیە ، وە ڕێخراوەكە ژمارەیەك بەیاننامەی دەركردووە ، كە چالاكیەكانی تیا وەبیرهێناوەتەوە . كە جۆراو جۆرە لە نێوان ، لێدان بەهاوەن ، وە لێدان ، و هێرش كردنە سەر ، سەرەڕای ئەوەی بەیاننامەكان وازی لە وەبیرهێنانــەوەی ئەو شوێنانەی كە كردەوەكانی تیا جێبەجێ كردوە هێناوە .

## 20 - سوپای محمد

**پێناسە و پەیدابوون**

گروپەكە پێكهاتوە لە ئەندامانی بەعس و ئەندامانی پێشوو لە سوپای عێراق و ئەفسەرانی هەواڵگری سەربازی و پاسەوانی تایبەتی سەرۆكی عێراقی پێشوو ، وە ڕۆڵەی خێڵەكان و هەندێك لە جەنگاوەرانی عەرەب كە لــە عێراقــدا مابوونــەوە ، وە باوەڕدەكرێت كە ئەم گروپە لە هاوینی 2003 دا لە پارێزگای ئەنبار پێكهاتبن ، كە لە ســەرخۆ ئابلۆقــەدران . وە زۆربــەی شیكەرەوەكان دەڵێن هەڵوەشانەوە و ئەندامانی دابەش بوون بەسەر گروپە چەكدارەكانی تردا .

**هەڵوێست و سیاسەتەكان**

صالح مطلك سەرۆكی بەرەی نیشتیمانی بۆ وتووێژی نیشتیمانی ،ئاشكرای كرد ، كە ئەم گروپە لەو حوت گروپــە بــوون كــە سەرۆك جلال تاڵەبانی وتو وێژی لەگەڵ كردن ، لە ئایاری 2006 دا بۆ داماڵینی چەكەكانیان .

**بڵاوبونەوەی جوگرافی**

بونی ئەم گروپە چڕبۆتەوە لە ڕۆژئاوای عێراق ، بە تایبەتی پارێزگای ئەنبار .

## چالاکیە چەکداریەکان

گروپەکە لێپرسراوێتی خۆی ڕاگەیاند لە خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی لە تشرینی دووەمی 2003 دا .




## 21 – شۆڕشگێڕانی ئەنبار

هیچ ئارمێك بەردەست نەكەوتوە تایبەت بە گروپەكە

### پێناسە و پەیدابوون

ئەم گروپە پێکهاتوە لە عەرەبی سونەی نەتەوەی و لایەنگرانی دەسەڵاتی پێشوو ، وە ئەندامانی تیرەکان و شوێن کەوتوانی ڕێخستنەکانی سونەی عێراق . وە ئامانجیان ئەوە بووە کە سونە هێزێکی هەبێت لە سەر زەوی بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی ڕێخراوی بەدری شیعە . وە لە پێناو وە دەرنانی ئەندامانی ڕێخراوی ئەلقاعیدە لەو ناوچانەی کە ئەندامانی ئەم گروپەی تێدایە . وە ئەم ملیشیایە بەدەرکەوت ، کە ژمارەیان بەسەدان مەزەندەدەکرێت ، لە مانگی شوباتی 2006 دا ، پاش هەڵکشانی ناکۆکیەکانی نێوان ڕێخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق و خێڵەکانی ئەنبار ، پاش ئەوەی کە ڕێخراوی ئەلقاعیدە سوننەی عەرەبی کردە نیشانە .




## 22 – بەرەی نیشتیمانی بۆ ڕزگاری عێراق

هیچ ئارمێك بەردەست نەكەوتوە تایبەت بە گروپەكە

### پێناسە و پەیدابوون

بەرەی نیشتیمانی بۆ ڕزگاری عێراق پێکهاتوە لە تێکەڵەیەك لە گروپە سەربازیەکان ، سەرەڕای کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرە ناسراوەکان ، کە ئەمانە ڕوانگەیەکی فکری و ئایدۆلۆژی جیهانیان داوە بە بەیاننامەکانی ئەو بەرەیە . بڕوادەکرێت بەرە لە ژمارەیەك لە تەوژمە ئیسلامی و نەتەوەییەکانی. وە ئەندامانی بەعس کە لایەنگری صدام حسین بوون لە خۆگرتبێت .

### پێکهاتەی ڕێخراوەی

بەرە پێکهاتوە لە کۆبونەوەی زیاتر لە دە حیزب و کۆمەڵە ، وە بــوونی ئــەمریکا لــە عێراقــدا ڕەتدەکەنــەوە . عبــدالجبار ئەلکبیسی سەرەۆکایەتی دەکات . کە هێزی ئەمریکی دەسگیریان کرد ، وە لە جێگــای موســی ئەلحــسینی پۆســتی ســکرتێری گشتی وەرگرت .

**هەڵوێست و سیاسەتەکان**

یەکەم بەیاننامەی بەرە درچوو لە 11 ی نیسانی ساڵی 2003 دا ، کە ڕاگەیاندنی پێکهێنانی لە خۆگرتبوو ، کــە نوســەری عێراقی ناسراو عبدالامیر ئەلرکابی خوێندیەوە . لە پاریس . کە بەرە بەڵێنی دابوو تیایدا بە پاکردنەوەی خاکی عێراق لە داگیرکەران ، وەك لە بەیاننامەکەدا هاتبوو .هەروەك بەیاننامەکە هێرشی کردبووە ســەر ســەرجەم ڕابــەرانی ئۆپۆزســیۆنی عێراقی لەوکاتەدا ، کە ئەوانە هاوکارن لەگەڵ هێزی ئەمریکی دژی دەسەڵاتی صدام حسین ، وە بەیاننامەکە هێرشی توندی کردبووە سەر ئەحمد ئەلچلبی بەتایبەت . وە بە دزی بەغداد ناوزەنی کردبوو . کەوایکرد زۆرکەس بەرە بەرپرســیاربکەن لــە هەوڵی سەرنەکەوتوی تیرۆرکردنی چەلەبی لە ناصریە . بەرە هەستاوە بــە نــاردنی نامــە بــۆ ســکرتێری گــشتی کۆمەڵــەی دەوڵەتانی عەرەب ، عمر موسی . کە دنیابینی سیایی بۆ بارو دۆخی عێــراق و داهــاتوی تیــا پیــشاندرابوو ، هــەروەك دژی دارشتنی دەستور و دەنگدان لەسەر ئەو دەستورە لە ســایەی بــوونی هێــزی ئــەمریکی لــە عێراقــدا بــوو . وە بــە تــەواوەتی دابەشکردنی فیدراڵی عێراق ڕەتدەکاتەوە .

**چالاکیە چەکداریەکان**

لە ڕوی سەربازیەوە بەرە هەستاوە بە جێبەجێکردنی کردەوەکانی لە ناوچەی سونەکانی عێراقدا ، لە ژێنــاوی کەتیبــەکانی حەق کەزیاد لە کردەوەیەکی بنیاتناوە ، لەوانە کردەوەکەی شاری ناصریە لە 27ی نیسانی 2006 دا لە دژی هێزە ئیتاڵی و ڕۆمانی . هەروەك بە شێوەیەکی بەردەوام کردەوەی پێکان بەهۆی قەناصەوە و تەقاندنەوە و هێرشبردن بنیات دەنێن . بــەرە بەبیری هێنایەوە ، لە کۆتای ساڵی 2004 دا لە ڕێگەی نوێنەرەکەیەوە صفاء ئەلعجیلی لەو کۆنگرەیــەدا کــە هەنــدێك لــە هێزە عێراقیە ئۆپۆزسیۆنەکان بەستیان لە پایتەختی سوری دیمەشق کە ڕازی بووە ، بە مــافی ئاڕاســتەکردنی لێدانــەکانی بەرگری لە هێزەکانی داگیرکەر و پاسەوانی نیشتیمانی و پۆلیس . لایەنی سیاسی بەرە زۆر پێــشکەوتووە ، کــە بەیاننامــەی پەیوەند بە هەڵوێستیەوە لە کێــشەی سیاســیە عەرەبیــە ڕۆژئانــەکان ، لــە فەڵەســتین و ســودان و لبنــان ، دەردەکــات . وە هەڵوێــستی لــە چوارچــێوەی بانگــەوازی نەتــەوەیی پێــشکەوتودایە . ئامــاژە بــە بڵاوکــراوەی دەنگــی حــەق دەکــات لــە چەندلا پەڕەیەکدا کە زمان حاڵە بەناوی ئەم بەرەیەوە ، وەدابەشدەکرێت لە هەندێك ناوچە لە باکور و ناوەڕاستی عێراق .

## 23 - ڕابەرایەتی گشتی جەنگاوەرانی هێزی چەکدار و ڕزگاری لە عێراق

**پێناسە و پەیدابوون**

زۆربەی ئەم گروپە چەكدارە هاوسۆزن بـۆ كـادرە كۆنـەكانی حزبـی بـەعس ، و سـەربازان و ئەفـسەرانی سـوپای عێراقـی لەسەركارلادراو كە باوەڕدار و هاوسۆزن بۆ صدام حسین ، چاودێران لەوبڕوایەدان كە كاری تەواوی ئەم گروپە دەستی پێكـرد لەگەڵ ئەو هەڵگشانەی كە ئە نجومەنی ڕاوێژی جەنگاوەران بەخۆیـەوەبینی ، كـە ئەنـدامانی بـەعس لێـی دەرچـوون ، وە هەروەها ئەندامان و ئەفسەرانی سوپای عێراقی پێشوو ، كە ئەندامانی گروپـە جیاوازەكـانن لـە نـاو ئە نجومەنـدا ، كـە پێكەوە پاش كشانەوەی ئەم گروپانە پێكهات .

ئاما نجە سیاسیەكان

بنیاتی ژمارەیەك شیعار و ئاما نجی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی لادراوی ناوە ، وە داوای چـوونەدەرەوەی هێزەكـانی ئەمریكا و ئازادكردنی سەرۆكی عێراقی لادراو صدام حسین دەكات ، كە پێی وایە سەرۆكی ڕاستەقینەی عێراقە .

هەڵوێست و سیاسەتەكان

پاش ئەو یەكەم بەیاننامەیەی كە بەرە لە 6ی كانونی دووەمی 2006 دا ، بە بۆنەی یادی ( 85 )ەمی دامەزراندنی سـوپای عێراقەوە دەریانكرد . یەكێكە لە ئەوپـەڕی بەیاننامـە سیاسـیەكان وە لـە هـەموویان گـشتگیرترە . كـە ئەمریكیـەكان و ئێرانیەكان تاوانباردەكات بە هاوكاریكردن لە نێوانیاندا ، بۆ خامۆشكردنی عێـراق . وە كـاری سیاسـی ڕەتدەكاتـەوە ، وە سەركردە شیعەكان لە عێراقدا بە مارەكانی قوم ناودەبات .

ڕێكەوتن و هاوپە یمانی

گروپەكە ڕێكەوتنی هەیە لەگەڵ تەواوی ئەندامانی حیزبی بەعس ، وە ڕیش سپی هەندێك لە خێڵە عێراقیە هاوسـۆزەكان لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆكی عێراقی لادراو صدام حسین . بە تایبەتی لە ناوچە سونیەكاندا ، كـە هەنـدێك لـەو بڕوایـەدان ڕێكەوتن هەیە لە نێوان ئەمان و لە نێوان هەندێك گروپە توندڕەوەكاندا ، بۆ نمونە ئە نجومەنی ڕاوێـژی جـەنگاوەران لـە عێراق ، كە نیمچە پاڵپشتێكیەتی .

چالاكیە چەكداریەكان

گروپەكە بەشێوەیەكی بەردەوام كردەوەكانی جێبەجێدەكات ، وە هەمیشە بڕوا بە ڕاستیان ناكرێـت ، تێبینـی دەكرێـت لـە بەیاننامەكانیدا كـە جێبـەجێكردنی كردەوەكـانی كـە كردەوەكـانی تیـا بڵاودەكرێتـەوە ، جێبـە جێكردنـی كردەوەكـانی دەگەڕێنێتەوە بۆ لیوا و كەتیبەكانی سوپای پێشوو وەك كەتیبەی قودس ، گروپی مەدینەی منەوەرە ، پاڵەوانانی پاسـەوانی كۆماری ، وە یەكەكانی تایبەت . گروپەكە دەستی كردووە بە دەركردنی بەیاننامەی تەواو لەسەر كردەوەكانی كە جێبـەجێی كراون لە ژێرنـاوی ئـەودا ، لـە كۆتـای سـاڵی 2005 ەوە . كـە هەفتانـە دەیـان كردەوەجێبەجێـدەكات . كـە زۆربـەیان تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلی ئاخنراو ، و بۆمباران كردن ، وە بۆمباران كردن بە هاوەن ، دەگرێتەوە . گروپەكە لە یـەكێك لـە بەیاننامە سەرەتاییەكانیدا دەڵێت كە ماوەیەكی دوورە هەڵدەسێت بە كردەوەكانی ، كە بارودۆخێكی تایبـەت ڕێگربـووە لـە ڕاگەیاندنیان ، وە بەڵێنیدا بە پێشكەش كردنی بەیاننامە لە سەر كردەوە تازەكانی ، كە لەوبڕوایەدان دەیان لە سەربازانی هێزی نێودەوڵەتی مانگانە لە ناوبەرن .

لەو كردەوانەی كە ئەم گروپە جێبەجێی كردوون

24 ی نیسانی 2006 تێكشكانی ئۆتۆمۆبێلێك لە جۆری هەمڤی تێكشكانێكی تەواو ، وە كوشتنی ئەوانەی لە ناویدابوون لە گەڕەكی چاسازی كشتوكاڵی لە شاری موصل .

12 ی مایسی 2006 تێكشكانی ئۆتۆمۆبێلێك لە جۆری هەمەر لە سەر جادەی كورنیش لە شاری كەركوك .

16 ی مایسی 2006 تێكشكانی ئۆتۆمۆبێلێك لە جۆری هەمەر لە سەر ڕێگای كەركوك – تكریت .

21 ی مایسی 2006 پێكانی ( بە هۆی قەناصەوە ) دوان لە مارێنز لە تەنیشت بنكەی ئەلحوریە ئەلجویە لە شاری كەركوك .

26 ی مایسی 2006 تێكشكانی ئۆتۆمۆبێلێك لە جۆری هەمەر لە حەویجە .

29 ی مایسی 2006 پێكانی ( بە هۆی قەناصەوە ) دوان لە مارێنز لە شاری حەویجە .

سەرچاوە ماڵپەڕی cnn

Nya-78@hotmail.com